# سەرهەڵدانی ململانێ مەزهەبییەکان لە جیهانی ئیسلامی و کاریگەرییەکانی(سێ سەدەی یەکەمی کۆچی)

**هۆشمەند علی عزیز[1]، حیدر لشکری[2]**

[1,2] بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

لەم توێژینەوەیە باس لە سەرهەڵدان و جێکەوتەکانی ململانێ مەزهەبییەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەکەین. ئەم ململانێیانە هەر لە قۆناغێکی زووەوە دەرکەوتن و لەگەڵ گۆڕانەکاندا درێژەیان کێشا، بە تایبەتی لەسەرەتادا لە چوارچێوەی پرسی سیاسی بوو بە ڕەنگدانەوەی ئایینی. بێگومان بابەتی پێشەوایی و هەڵبژاردنی جێنشینی پێغەمبەر سەرەکیترین پرسەکان بوو، هەر لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە جێگای مشتومڕ بوو. تا دور دەکەوێتەوە لەو مێژووەش ململانێیەکان توندتر دەبوون، بەدرێژایی سێ سەدەی یەکەمی کۆچی ئەم پرسە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەوت و ڕێبازەکان بوو، کاریان لەسەر ئەم ململانێیانە دەکرد، بۆ زیاتر پێداگرتن لە خۆبەشایستە زانین و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر. جگە لەوەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەسەڵات، بەپێی ڕوانگە و هەڵوێستیی ئایینییەکەی، ڕۆڵی لە پاڵپشتی کردن و ڕەتکردنەوەیان هەبوو. بەهەمان شێوە تێگەیشتن لە بنەما و چەمکەکانی بیروباوەڕیش دروستکەری سەخترین ململانێ مەزهەبییەکان بوون، کە هەریەك لەو ڕەوت و ڕێبازانە خۆیان بە بەرگریکار و پاڵپشتی ئایینی ئیسلامی ڕاستەقینە دەزانی و لە هەوڵی چەسپاندنی بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆیان بوون، و بەرپەرچی نەیارانیان دەدایەوە. لێرەوە پرسە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ململانێ مەزهەبییە بە کردار سیاسییەکان لە مێژووی سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامی، لەگەڵ چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێیانە و کاریگەرییە باوەڕیی و هزرییەکانی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا. هەروەها هەوڵماندا‌وە بەدوای پرسیی جێکەوتەی ئەم ململانێیانە بین بەسەر ڕوانگەی هزریی ئەو کەسانەی ویستویانە لە مێژووی ئیسلام بکۆڵنەوە و بەپێی ڕوانگە مەزهەبییەکەیان بینوسنەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** دەمارگیری مەزهەبی، ڕەوت و ڕێبازەکان، پێشەوایەتی، بیروباوەڕ و کردەی سیاسی.

## ١. پێشەکی

ململانێ مەزهەبییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕەنگڕێژکردنی ڕوداوەکانی مێژووی ئیسلامییدا هەبووە. ڕەوت و ڕێبازە ئیسلامییەکان بەدەرنەبوون لە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، سەرەڕای ئەوەی لە ڕوانگە و تێڕوانینی خۆیانەوە پێیانوابوو هۆکارن بۆ سەرخستنی ئایینی ئیسلام و بەرگریکردن لەو بیروباوەڕە ئایینییە، بەڵام بە درێژایی مێژووی ئەم ئایینە ئەوانە، گەورەترین جێکەوتەیان بەسەر ئەم مێژووەدا هەبووە و ڕوداوەکانیان ئاڕاستە کردووە. ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ سەرهەڵدانی ململانێ مەزهەبییەکان و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ڕەوت و ڕێبازە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە ماوەی (سێ سەدەی یەکەمی کۆچی)، هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر ئەو پرسە جیاوازانەی هەر لە قۆناغێکی زووەوە کاریگەریی بەهێزی بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامیدان بە ململانێ مەزهەبییەکان هەبووە. بە قۆناغ بە سەردەمە جیاوازەکان تێپەڕبوون و پرسەکان فراوانتر و گەورەتر بوون، ململانێ مەزهەبییەکان زیاتر قوڵبوونەوەو کاریگەریی گەورەتریان بەجێهێشت، هەروەها ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بزوتنەوەکان هەبوو، لە دژایەتی کردنی دەسەڵات، جگە لەوە زۆرجار دەسەڵات خۆی بەشداربووە لە قوڵکردنەوەی ململانێیە مەزهەبییەکان.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ کاریگەری و لێکەوتە دیارەکانی ڕەوت و ڕێبازەکان دەگەڕێتەوە، لەسەر ئەم بنەما و پرسە جیاوازانەی دروستیان کردووە. هەوڵماندا‌وە وەڵامی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە بدەینەوە، کە چ ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەبووە، و کۆمەڵگایان چۆن دابەشکردووە بەسەر مەزهەبە جیاوازەکان، تاوەکو ئێستا زۆرێك لە کێشەکانی کۆمەڵگا ڕەگەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٨ تەمووز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٩ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hoshmand.azeez@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ هۆشمەند علی عزیز و حیدر لشکری ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp118-131

ئەم توێژینەوەیە، لە دوو تەوەرە و ئەنجامێك پێكدێت، تەوەرەی یەكەم بە ناونیشانی (پرسی سیاسی)، تایبەتە بە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لایەنی سیاسی لەسەرهەڵدانی ململانێ مەزهەبییەکان، چەندین ڕێباز و بزوتنەوە لە ئەنجامی هەڵوێستی سیاسی دروستبوون، کە پاشخانی مێژوویی لە ئیسلامدا کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدان و ململانێیەکان هەبوو، لە دیارترینیان پرسی پێشەوایی بوو، هەموو لایەك هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدا. تەوەرەی دووەمیش بەناوی (پرسی بیروباوەڕ)، هەروەك لە ناونیشانەکەیدا دیارە، لایەنی بیروباوەڕ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی بەجێهێشتووە، لە سەرهەڵدانی ململانێ مەزهەبییەکان، بەهۆی چەمکەکانی بیروباوەڕەوە لە ڕوی ئەنجامدەرانی تاوانی گەورە، چارەنوس و ویستی ئازاد، خەلقی قورئان و سیفاتەکانی خودا، کە بە پێی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ئایەتەکان، هەر ڕێبازێك هەوڵیداوە تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم چەمکانە بسەپێنێ، و تانە لە بەرامبەرەکەی بدات و ڕەتیبکاتەوە.

سروشتی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وای خواستووە، میتۆدی جیاوازی وەك میتۆدی شیکاری مێژوویی و بەراوردکاری لەخۆبگرێت، سەبارەت بە میتۆدی شیکاری قسەکردنە لەسەر دەقەکانی مێژوونوسان تایبەت بە بیرو هزرە جیاوازەکانی ڕەوت و ڕێبازەکان، و چۆنیەتی هەوڵدان بۆ سەلماندنی بیرۆکەکانیان و بەرپەرچدانەوەی نەیارانیان، هەرچی میتۆدی بەراوردکارییە، بەراوردی تێڕوانین و دید و بۆچوونەکانی مەزهەب و ڕێبازەکان دەکات، لە ڕوی پرسە جیاوازەکانی سیاسی و بیروباوەڕەکان، کە چۆن هەریەك لەوانە بە شێوازی خۆیان بەرگری لە چەمکەکان دەکەن، وەڵامی بەرامبەریان دەدەنەوە، سەرەڕای هاوڕایی و جیاوازییان لە هەندێ چەمکەکاندا.

## ٢. پرسی سیاسی

سیاسەت لە پرسە دیارەکانی ململانێیی نێو مەزهەبەکان بوو، لە ماوەی سێ سەدەی یەکەمی کۆچییدا، چەندین مەزهەب، ڕەوت و بزوتنەوە لە ئەنجامی هەڵوێستی جیاوازی سیاسییەوە دروست بوون، بەشی زۆریشیان دژایەتی دەسەڵاتی باو بوون و بە ئاواتی دەستبەسەر داگرتنی دەسەڵات بوون، بە تایبەتی بەهۆی پرسی پێشەواییەوە. چونکە لە ڕوی کردەکییەوە مەرگی پێغەمبەر (١١ك/٦٣٢ز) بواری ئەوەی نەدابوو ئەم پرسە یەکلایبێتەوە، و هیچ بڕیارو نەریتێکی سیاسی نەبوو بۆ دیاریکردنی کەسێك کە لە دوای خۆی بێت بە جێنشین، بۆیە هەر لە دوای کۆچی دوایی کردنی ناکۆکی لە نێو موسڵمانان و بە تایبەتی لە نێوان کۆچەران و پشتیوانان دروستبوو، بە مەبەستی دانانی کەسێك وەك جێگرەوەی پێغەمبەر، لە کۆتاییدا وەك لە ناوکۆی سونییدا دەگێڕدرێتەوە ئەبو بەکر (١١-١٣ك/٦٣٢-٦٣٤ز) بە جۆرێك لە شێوازی ڕاوێژ- شورا بوو بە خەلیفە (الطبري,١٩٦٩: ٣/ ٢٠٣). ئەم نەریتە تازە باوە بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی نارەزایی لە دژی دەسەڵاتی خەلیفە عوسمان کوڕی عەففان (٢٣-٣٥ك/٦٤٤-٦٥٦ز) هاتە سەر، بەهۆی شێوازی سیاسەتکردنی لە فەرمانڕەواییکردندا، کۆمەڵێك لە موسڵمانان لە ناوچە جیاوازەکان دژی فەرمانڕەوایی دەرچوون و پاشان کوشتییان (إبن سعد,٢٠٠١: ٣/ ٧٠؛ إبن قتیبة,١٩٩٠: ١/ ٥٠-٥١)، لە لایەکی دیکەوە لە وەرگرتنی بە یەعتدان بەو نەریتە سیاسییەی پەیڕەو دەکرا بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب، ژمارەیەك لە موسڵمانان نارازی بوون و بەیعەتییان پێ نەدا، بەمەش دواتر جیابوونەوەو خەلیفە دژیان چووە جەنگەوە، هەریەك لە خێزانی پێغەمبەر عائیشە و یاوەرانی تەلحە و زوبێر بوون، ئەمەش ڕوداوی جەمەلی (٣٦ك/٦٥٦ز) لێ کەوتەوە. هەروەها دواتر لە نێوان عەلی و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ئاگری جەنگ هەڵگیرسا و جەنگی صفینی (٣٧ك/٦٥٧ز) لێ کەوتەوە (إبن شبة,٢٠١٤: ١٩٠-١٩١, ١٩٩؛ إبن قتیبة,١٩٦٩: ٢٠٨-٢٠٩)، لە ئەنجامدا پرسی (تحكیم- ناوبژیوانی) دروستبوو. لێرەدا کۆمەڵێك لە موسڵمانان پابەندی نەریتە سیاسییە تازە باوەکە بوون بەهۆی ئەم بابەتی ناوبژیوانییەوە جیابوونەوە، ناسران بە خەواریجییەکان. ئەو فۆرمەی دەسەڵاتداریەتیش لە مێژوودا بە خەلافەتی ڕاشیدین (١١-٤١ك/٦٣٢-٦٦٢ز) ناسرا، لەسەر دەستی ئەو خەواریجییانە بە کۆژرانی خەلیفەی موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبو تالیب کۆتایی پێ هات، کوژرانی عەلی هەست و سۆزێکی زۆر بە هێزی لە لایەن لایەنگرانیەوە بە جێهێشت و بووە سەرەتایەك بۆ دەرکەوتنی شیعە بە جۆرێك لەسەر گۆڕەپانی ژیانی سیاسی ئیسلامی (إبن أبي الدنيا,٢٠٠١: ٢٣؛ التفتازاني,د.ت: ١٤-١٥). لە ئەنجامی ئەو ناکۆییە سیاسییانەی نێو موسڵمانان، بارودۆخێکی ناڵەبارو شپرزەیان دروست کردبوو، بووە هۆی سەرهەڵدانی بەشێك لە مەزهەبەکان، ئەگەرچی لە دۆخێکی سەرەتایی و سیاسییدا بوون.

لێرەدا ئەو مەزهەبە جیاوازانە پاڵپشت و لاگیری بەهێزیان بۆ بیرۆکە و بیروباوەڕەکانیان هەبوو و بە سەختی شەڕیان بۆ دەکرد، سەرکەوتن بۆ مەزهەب و دەمارگیری بەرامبەر بە سەرپێچیکاران ببووە خەسڵەتی باوی پەیوەندیان بە دەرەوەی خۆیان، لەوانە خەواریجییەکان کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵێك بوون لە لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، بەڵام پرسی ڕازیبوونیان بە بڕیاری ناوبژیوانی ڕەتکردەوەو لێی جیابوونەوە و دروشمی (لا حكم إلا لله) یان بەکارهێنا (المنقري,١٣٨٢: ٥١٢-٥١٤)، ئەم دروشمە لەو ساتە وەختەوە بۆ چەندین سەدە دەبێتە دروشمی سەرەکی خەواریجییەکان و ئەو بنەمایەی کە بیروباوەڕی لەسەر بونیاد دەنێن، عەلی کوڕی ئەبو تالیب تایبەت بە دروشمەکەیان وتویەتی:((وشەیەکی ڕاست، ویستێکی پوچەڵ)) (الشهرستاني,١٩٩٣: ١/ ١٣٥)، ئەم بزوتنەوەیە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی دەرکەوت و ئامانجیان تۆڵەسەندنەوە بوو لە دەسەڵاتداران، بڕیاربەدەستان و دژی خەلافەت بوون، نەك خەڵکی گشتی. جیابوونەوەکەشیان بە تێکەیشتنێکی جیاواز بۆ مێژووی حوکمڕانی ئیسلامییەوە گرێدا، واتا ئەوەی دەربارەی توندوتیژیی خەواریجیەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکانیان دەوترێت، بۆ لێپرسینەوە لە سەرپێچیکاران و کوشتنی بێ جیاوازی ئەم قۆناغە ناگرێتەوە، وەك بەلاذری (م. ٢٧٩ك/٨٩٢ز) جەخت لەوە دەکاتەوە، یەکێك لە خەواریجییەکان بەناوی هیلال کوڕی عولەفە، تەنها ئەو کەسانەی دەکوشت، کە شەڕیان لەگەڵ دەکرد، بەڵکو زیاتر هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیری خەواریجییان دەدا، ئەوەتا هەمان کەسایەتی خەواریج چووەتە ناوچەی ماسبذان و بانگەشەی بۆچوونەکانی خۆی دەکرد، هەروەها ئەبو مریەم سەعدی لە شارەزور

نیشتەجێ بوو هاوەڵانی هان دەدا و ڕوداوی نەهرەوانی بیردەخستنەوە (١٩٩٦: ٢٤١/٣, ٢٤٧)، بە هەمان شێوە چەندین کەسایەتی دیکەی خەواریجی بە تێگەیشتنی خۆیان بۆ ڕابردوی ئیسلامی و ئێستای موسڵمانان لەم قۆناغەدا بەم جۆرە کاریان کردووە، بەمەش خەواریجییەکان هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و ڕێبازەکانیان دەدا بۆ زیادکردنی لایەنگرانیان و وەستانیان دژی دەسەڵاتی خەلافەت، جیاوازە لەو بیرو باوەڕ و هزری ئەو خەواریجیەی لە قۆناغی دواتردا دەردەکەن. خوێندنەوەیان بۆ مێژووی نزیکی کردەی سیاسی ئیسلامی بەو چەشنە بووە، خەلافەتی ئەبو بەکر و عومەر ڕاست و دروست بووە، بەهۆی ڕەوایی هەڵبژاردنەکەیانەوە، هەروەها خەلافەتی عوسمانیش لە ساڵەکانی سەرەتایدا تەواو بووە، بەڵام کاتێك گۆڕا و لەسەر هەمان ڕێچکەی هەردوو خەلیفەی پێشوو بەردەوام نەبوو، بەمەش بووە هۆکاری دروستبوونی بەشێك لە ڕوداوەکانی نێو موسڵمانان. تایبەت بە خەلافەتی عەلییش دانیان بە ڕاست و دروستی و ڕەوایەتی خەلافەتەکەی داناوە، بەڵام لە بڕیاردانی ناوبژیوانی هەڵەی کرد، بۆیە بڕیاریان لەسەر بێ باوەڕی عەلی دا، هەروەها ئەوانەی بەشداریش بوون لە بڕیاری ناوبژیوانی تانەیان لێدان و بە بێ باوەڕییان دانان (الاشعري,١٩٥٠: ١٨٩/١؛ الشهرستاني,١٩٩٣: ١٣٦/١-١٣٧). ئەمە پێداچوونەوەی ئەوانبوو بە یادەوەریی پەیوەندگەرای ئیسلامییەوە بە چۆنیەتی یادکردنەوەی ڕابردوی نزیك کە کاریگەریی بەسەر پەیوەندییە ئێستاییەکان و نێوکۆمەڵی ئیسلامیدا هەبووە، ئەوان هاتوون ئاوا بینیویانەو ڕوانگەی مێژووییان لەسەر بونیاد ناوە.

لە قۆناغی دواتردا خەواریجییەکان ڕەتیان کردەوە دان بە دەسەڵاتی سەردەم، دەسەڵاتی ئومەوییەکان (٤١-١٣٢ك/٦٦٢-٧٥٠ز) بوو بنێن، ئەوە ڕونە هەر لە ڕۆژی ناوبژیوانییەوە هیچ شتێك لە نێوانیاندا نەبووە، تەنها شمشێر نەبێت، هەروەها بەردەوام تانەیان لێداون، و مێژوویان کردۆتە شایەتحاڵی بێبەهاکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکەیان بۆ هەموو ئەوانەش پێچەوانەی بیرو سیاسەت و هزری ئەوان بیردەکەنەوە، تەنها خۆیان بە باوەڕداری ڕاستەقینە دەزانی و فەرمانڕەواکەیان ئەمیری باوەڕدارانە، ئەمە وایکردبوو لەلای بەشێك لە خەواریجییەکان هەموو موسڵمانانی دیکە بە بێباوەڕ دابنێن (البكاي,٢٠٠٧: ٨٥)، دوای مێژوویەکی دوور و درێژ لەبەر یەککەوتن سوپای ئومەوی بەگشتی خەواریجییەکانیان لە ناوچە شارییەکاندا تێکشکاندووە بە تایبەتی لە کوفە، لەو ناوچەیەدا ڕەنگە مەترسیدارترین و گرنگترین کار والی کوفە مغیرە کوڕی شوعبە کردبێتی، ئەویش بەکارهێنانی شیعەکان بووە لە دژی خەواریجییەکان (الطبري,١٩٧١: ١٨٨/٥)، بە قۆستنەوەی ئەو دوژمنایەتییەی لە نێوانیاندا هەبوو، کارێك بوو ئومەوییەکان دور و نزیك سودیان لێ وەرگرت. جگە لەوە هەر لەسەرەتاوە ئومەوییەکان چاودێری هەموو ئەو بزوتنەوانەیان کردووە، لە دژیان دەوەستنەوە، بەمەش دەسەڵاتی ئومەوی زۆر توندو تیژ بوون بەرامبەر بە نەیارەکانیان، نەك تەنها بە پاسەوان و پۆلیسی دەسەڵات، بەڵکو هۆزەکانیشیان بەکارهێناوە وەك لایەنێك بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان، بەهۆی هەڕەشە بەردەوامەکانیان وایان لە هۆز و خێڵەکان کردبوو، ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە ئاشکراکردنی خەواریجییەکان و ڕێگری کردن لە جموجۆڵەکانیان و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن، هەروەك دەوترێت لە ماوەی شەش مانگدا هەشت هەزار خەواریج لە بەسرە کوژراوە (الطبري,١٩٧١: ٢٣٧/٥-٢٣٨؛ البكاي,٢٠٠٧: ٦٩). ئەمەش بەو مانایە دێت بە هەموو شێوەیەك هەوڵی بنەبڕکردنی خەواریجییەکان و لە ناوبردنیان دەدرا، لە لایەن دەسەڵاتی ئومەوییەوە.

شیعەکانیش ململانێیەکی توندیان بەرامبەر بە خەواریجییەکان هەبوو، هەر لەسەرەتاوە ململانێیەکی دوژمنکارانە بوو، بەهۆی کوشتنی عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە لەسەر دەستی خەواریجییەکان، ئەمە وایکرد نێوانیان زۆر توندتر بێت. تەنانەت هەندێکجار ڕق و کینەی هاوەڵان و لایەنگرانی عەلی هانیدان بەشداری جەنگەکانی ئومەوی دژ بە خەواریج بکەن و لە تەنیشت دەسەڵاتی ئومەوی بوەستن، سەرەڕای ئەو ڕق و کینەیەی بەرامبەر بەم دەسەڵاتە هەیانبوو، لە هەمانکاتیشدا دەسەڵاتی ئومەوی هەوڵییان دەدا ئەو دوژمنایەتییەی نێوان خەواریجییەکان و لایەنگرانی عەلی بقۆزنەوە وەك باس دەکرێت سوپایەکی تەواو لە هاوەڵانی عەلی پێکهێنرابوو، شیعەکان ئەم هەڵوێستەیان گرتەبەر لە یارمەتیدانی دەسەڵاتی ئومەوی بۆ لاوازکردنی بزوتنەوەی خەواریجی بە تایبەت لە کوفە (الطبري,١٩٧١: ١٨٨/٥-١٩٠). بەڵام هاوکاری و یارمەتی شیعەکان بۆ دەسەڵاتی ئومەوی لە دژی خەواریجییەکان ئەوەندەی تاکتیکی کورت مەودا بووە، ئەوەندە کارێکی درێژ مەودا نەبووە، بە تایبەت لە دوای کوشتنی حەجری کوڕی عەدی کیندی، بەهۆی بەرگریکردنەکانی لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ڕەخنە و سەرکۆنە کردنەکانی بۆ عوسمانی کوڕی عەففان (الطبري,١٩٧١: ٢٥٤/٥، ٢٥٦)، ئەمەش بە سەرەتای دورکەوتنەوەی تەواوی نێوان شیعە و ئومەوییەکان لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن موعاویە دادەنرێت (البكاي,٢٠٠٧: ٨١-٨٢)، لە لایەکی دیکەوە وەك زانراوە ئەم کێشەیە زیاتر قوڵبۆوە کە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، کوڕەکەی بە ناوی یەزید وەك (ولی عهد) دیاریکردو بەیعەتی لە ژمارەیەك لە گەورە کەسایەتی، دەسەڵاتدارەکان و بەشێك لە موسڵمانانی ناوچەکە وەرگرت (إبن قتيبة,١٩٩٠: ١٨٨/١؛ إبن الاثير،١٩٨٧: ٣٤٩/٣-٣٥٠)، لێرەدا نارەزایی توندی لێکەوتەوە لە لایەن زۆرێك لە کوڕانی هاوەڵان و ڕەتیان کردەوە بەیعەتی پێ بدەن و ڕازی بن پێی وەك (حوسێن کوڕی عەلی، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، عەبدولرەحمان کوڕی ئەبو بەکر، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کوڕی خەتتاب،...)(إبن خياط،١٩٨٥: ٢١٣؛ فلهوزن،١٩٦٨: ١٤٠-١٤١)، بەپێی گێڕانەوەی مێژوویی، موعاویە لەسەرە مەرگدا بە یەزیدی ڕاگەیاندووە، کارەکانی بۆ ڕێکخستووە، دوژمنەکانی زەلیل کردووە و عەرەبەکانی بۆ ملکەچ کردووە، هەموویان کۆدەنگ و هاوڕان لە بارەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ئەو، لە ڕودانی هیچ ناکۆکییەك ناترسێت، تەنها لە چوار کەسی قورەیش نەبێت (أبي مخنف,١٣٦٧: ٦٧-٦٨) وەك لەسەرەوە ناویان هاتووە، هەریەك لەمانە پێیان وابوو، کەسی شیاوتر هەیە، یاخود ئەوان لە پێشترن لە یەزید و شایستەی وەرگرتنی خەلافەتن.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp118-131

بەمەش کێشەکان لەسەر پرسی سیاسی و جێنشینی زیادیان کرد، بە تایبەت دوای ئەوەی موعاویە پرسی جێنشینی لە ڕاوێژکردنەوە بۆ پشتاوپشت گۆڕی، ئەمە کێشەو ناکۆکی گەورەی لە نێو موسڵمانان دروستکرد، بەرەیەك لە موسڵمانان بەرەی ئەهلی شام بوون ڕازیبوون بە شێوازی دیاریکردنی جێنشینی، بەڵام بەرەکەی دیکە لە موسڵمانان زیاتر ئەهلی عێراق و حیجاز بوون دژ بوون و ڕەتیان کردەوە، بەڵکو ئەم بەرەیە بەیعەت بە حوسێن کوڕی عەلی و عەبدوڵڵا کوڕی زوبێر دەدەن، ئەمە سەر دەکێشێت بۆ ڕودانی جەنگ لەنێوان حوسین و دەسەڵاتدارانی ئومەوی لە کەربەلا، ئاکامەکەی کوژرانی بوو(الدینوري,١٩٥٩: ٢٥١, ٢٥٨)، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان دەبێ لە تەواوی مێژووی ئیسلامیدا دەستپێکێکی دی قۆناغ بەندیی مێژوویی بوو لەنێو ئەو مێژووە، لەگەڵیدا تێگەیشتن لە مێژوو خۆی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت. ئەم پەیوەندییە لە دوای کوشتنی حوسێن خراپتر بوو، بە تایبەت دوای ئەم ڕوداوە شیعەکان دەستیان بە ڕێکخستن کرد، ژمارەی لایەنگرانیان زیاد بوو، زیاتر ئاگاداری زوڵم و ستەم و کینەی فەرمانڕەوا ئومەوییەکان بوون، هەستی توڕەییان بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئومەوییەکان زۆر زیادی کرد، و بووە هۆی ئەنجامدانی چەندین بزوتنەوە دژیان، وەك بزوتنەوەی تەوابین و بزوتنەوەی موختار کوڕی ئەبی عوبەید ثەقەفی (٦٧ك/٦٨٦ز)...، داوای خوێنی حوسێنیان دەکرد (الطبري,١٩٧١: ٧/٦؛ الجبوري,٢٠١٢: ٢١-٢٧). هەروەها زەید کوڕی عەلی کوڕی حوسێن لە عێراق دژ بە ئومەوییەکان ڕاپەڕی، وەك دەوترێت (١٥) هەزار پیاو لە خەڵکی کوفە بەیعەتیان پێدا، دەرچوونەکەشی لە ڕوانگەی شیعەکانەوە بەهۆی زوڵم و ستەمی ئومەوییەکانەوە بووە، لە ئەنجامی کوشتنی حوسێنی باپیری، ئازارو ئەشکەنجەدانی بنەماڵەکەیان، هەڵکوتانە سەر شاری مەدینە و شاری مەککە بە مەنجەنیق و بە ئاگر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە ڕاپەڕینەکەی لە ساڵی (١٢٢ك/٧٣٩ز) لە شاری کوفە کوژرا، دواتر گۆڕەکەیان هەڵدایەوەو دەریانهێناو لە خاچییان دا ئینجا سوتاندیان (الطبري,١٩٧١: ١٧١/٧, ١٨٨-١٨٩؛ التفتازاني,د.ت: ٩٣-٩٤)، بەمەش دەسەڵاتی ئومەوییەکان بەرامبەر بەو بزوتنەوە عەلەوییانە زۆر توند بوون، بێگومان ئەم کارە بۆ سوکایەتی پێکردن بە بنەماڵەی تالیبییەکان بووە، لە هەڕەشە، ترس و تۆقاندنی لایەنگرانییان، بەڵام لە یادەوەری دەستەجەمعیان دەمێنێتەوەو کاریگەریی بەسەر ڕوانگەی مێژوویی- ئاینیان دەبێ.

هەروەك باسکرا هەرچەندە لەسەرەتادا شیعەکان لە پاڵ دەسەڵات وەستان و یارمەتییان دان بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی خەواریجییەکان، بەڵام هەر زوو دوژمنایەتی لە پەیوەندی نێوانیان پەرەی سەند و لایەنگرانی عەلی وەك خەواریجییەکان بوون بە دژی دەسەڵاتی سەردەم، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی لێکنزیکبوونەوەی ئەم دوو گروپەی دژە دەسەڵات، بەڵکو پچڕانی پەیوەندی نێوان هەردوو گروپ و دوژمنایەتییان بوو بە واقیعی مێژووکرد (البكاي,٢٠٠٧: ٢٤١). وردە وردە جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان گروپە جیاوازەکان بەرەو ململانێیەکی هزری و مەزهەبی توند چوون و مێژوویەك دروست دەبوو کە دابڕانی نێوانیانی وەك دابڕانی وجودیانە دەنواند، تێپەڕاندنی ئەستەم بوو.

شەهرستانی گەورەترین ململانێ و ناکۆکی نێوان موسڵمانان و مەزهەبەکان، بۆ پرسی پێشەوایی دەگەڕێنێتەوە و ئاماژەی پێکردووە، جیاوازیەکە لە دوو ئاراستەوەیە، ئاراستەیەکیان پەیوەستە بە دەق و دانانەوە، ئەوی دیکەیان بە شێوەی ڕێککەوتن و هەڵبژاردن (١٩٩٣: ٣١/١, ٣٦)، ئەو مەزهەبانەی نوێنەرایەتی دەق و دانانیان دەکرد شیعەکان و زۆرێك لە لقەکانی بوون (النوبختي,١٩٣١: ١٦؛ ولي،د.ت: ١٩)، هاوڕابوون لەوەی پێشەوایی لەدوای پێغەمبەر بۆ عەلی کوڕی ئەبو تالیب، کوڕو نەوەکانی دەستنیشانکراوە، حوکمکردنیان بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانی، پاڵپشت بەوەی پێیان وابوو پێغەمبەر فەرمویەتی:((هەموو پێغەمبەرێك ڕاسپاردە و میراتگری هەیە، عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش ڕاسپاردە و میراتگرمە)) (الإربلي,٢٠١٢: ٦١١/١)، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە، یەکەم کەس تۆی شیعەی لەگەڵ تۆی ئیسلام دانا، هەمان خاوەنی شەریعەتی ئیسلامە، واتا تۆی شیعە شانبەشانی تۆیی ئیسلام بە یەکسانی چێنراوە، جگە لەوە مێژوویەك دەگێڕنەوە پەیوەست بە دانانی عەلی لە لایەن پێغەمبەرەوە و ئاماژە بەوە دەدەن، پێغەمبەر چەندین جار باسی شیعەکانی عەلی کردووە، ئەوان لە ڕۆژی دواییدا سەلامەت دەبن، وەك فەرمویەتی:((ئەی عەلی تۆ و هاوەڵانت بەهەشتین)) (الألباني,٢٠٠٤: ١٨٦/١٢)، بەڵام ناکۆك بوون لە پرسی پێشەوایی لە نەوەکانیدا.

لە بەرامبەردا ڕەوتە سیاسی و ئاینییەکانی دیکە پێیانوابوو، پێشەوایی لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و هەڵبژاردن دەبێت، لەبەرئەوەی پێغەمبەر هیچ دەقێکی لەو بارەیەوە بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو بۆ کاروباری موسڵمانانی جێ هێشتووە، بۆ ئەوەی بە شێوازی ڕاوێژکردن لە نێو خۆیاندا بە ئەنجامی بگەیەنن، پاڵپشت بۆ ئەمە وەك خوای گەورە فەرموویەتی:(وشاورهم في الأمر) (آل عمران: الآية/١٥٩)، واتا لە کارو پێشهاتەکاندا پرس و ڕایان پێ بکەن، هەروەها لە وەسفی دۆخی موسڵمانان فەرمویەتی:(وأمرهم شورى بينهم) (الشورى: الآية/٣٨)، واتا کاروبارییان هەردەم بە ڕاپرسی و ڕاوێژکارییە.

ئەم مەزهەب و ڕەوتانەش وەك خەواریج، مورجیئە، موعتەزیلە، ئەهلی سوننە ...، ئەمانە جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوو، هەندێکیان پێشەوایان پەیوەست کردبوو بە قوڕەیشیەکانەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان خۆیان بەو مەرجە نەدەبەستەوە تەنها بۆ قوڕەیشیەکان بێت (التفتازاني,د.ت: ٢٩-٣١). واتا تیۆری پێشەوایی لە لای خەواریجییەکان و شیعەکان وەك لە مەزهەبەکانیاندا دەردەکەوێت ئاڵۆزبوو، ئەمەش بەهۆی ئەو بیرۆکانەی لەسەردەمی ململانێی سیاسی و هزریدا لەسەر ئەم پرسە هاتوونەتە ئاراوە، ئەو مێژووەی بۆی دەگێڕنەوەو بە پیرۆزو تاکە گێڕانەوەی ڕەهای "ڕاستیی مێژوویی" دەبینن. خەواریجییەکان هەر لەیەکەم ساتی دەرکەوتنیانەوە وەك گروپێك دژایەتی عەلی و موعاویەیان کردووە و لە ڕێگای وروژاندنی دروشمەکانیانەوە هەڵوێستی خۆیان لەسەر سیستەمی خەلافەت دیاری کردووە، ئەویش سەرەتا کاروبارەکان بە ڕاوێژ کردن، دواتر فەتحکردن (الطبري,١٩٧١: ٦٥/٥)، هەروەها ڕەتیان کردەوە خەلافەت تەنها تایبەت بە بنەماڵەی پێغەمبەر و هۆزی قوڕەیش بێت،

و لەسەر بنەمای ڕاسپاردن بێت، بەڵکو هەموو موسڵمانێك بۆی هەیە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە سەرکردایەتی موسڵمانان بکات (الشهرستاني,١٩٩٣: ١/ ١٣٤).

لایەنگرانی عەلی هەڵوێستێکی ڕونیان لەو بارەیەوە نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەیانبوو دەیانگوت عەلی خەلیفەی شەرعیە بەهۆی مێژووییەکی جیاوازەوە پەیوەستە بە کارایی خۆیەوە لەنێو ڕوداوەکانیدا پێشینەی موسڵمان بوون و خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر و لە موعاویە باشترە و سیفەتی باشی هەبووە، بەڵام کاتێك عەلی کوژراو دەسەلات بۆ ئومەوییەکان گوازرایەوە شیعەکان بەیعەتیان بە موعاویە دا، سەرەڕای دژایەتیکردنیان بۆ حوکمڕانیەکەی، بەڵام کوشتنی حوسێن کاریگەری گەورەی لەسەر شیعە دانا، دەتوانین بڵێن لێرەوە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی و ئایینی هاتە ئاراوە، هەروەها لایەنی هەست و سۆزی زۆر تێکەوت، لایەنگرییان بۆ عەلی بۆ دڵسۆزی و مەزنی بۆی و دوژمنایەتی کردن بەرامبەر بە دوژمنەکانی گۆڕا. بنەمای تیۆری پێشەوایی لە نێو شیعەکاندا لەگەڵ بزوتنەوەی موختار بن ئەبی عوبەید ئەلثەقەفی لە کوفە سەریهەڵدا پەرەیسەند، ئەم بزوتنەوەیە داوای خوێنی ئەهلی بەیت و جیهادی ناوچەیان دەکرد (البكاي,٢٠٠٧: ٢٤٣-٢٤٤)، لەسەر ئەو بنەمایە داوای مافی پێشەواییان بۆ شیعەکان دەکرد، پاڵپشت بەم وتەیەی پێغەمبەر، وەك فەرموویەتی: (من كنت مولاه فعلي مولاه, اللهم والِ من والاه، وعادِ من عاداه) (البلاذري,١٩٩٦: ٢/ ٣٨٦؛ الإربلي,٢٠١٢: ١/ ١٠٢).

شیعەکان سوربوون لەسەر ئەوەی، پێشەوایی مێژووکرد نییە تا بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ و بڕیاری لێ بدرێ، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی تێڕوانینی ئوممەت بکات، بەڵکو پایەیەکی گرنگی ئایین و بناغەی ئیسلامە، نابێت پێغەمبەر خۆی لێ بێ ئاگا بکات، هەروەها بۆ ئوممەت نییە دەستنیشانی بکات، بەڵکو بە دانان دەبێت بۆیان، گەورەو بچوکیان بێ هەڵەن، ئەو کەسەش دەبێتە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیبە دواتریش بە شێوەی ڕاسپاردن بۆ کوڕو نەوەکانیەتی، لێرەوە بیرۆکەی ڕاسپاردن گەشەیکرد لە نێو مەزهەبی شیعەکاندا، وایدەبینن پێغەمبەر دوای خۆی پێشنیازی خەلافەتی بۆ عەلی کردووە، بەمەش عەلی بە ڕێگای دەقی پێغەمبەری خودا دەبێتە پێشەوا، پاشان عەلی کەسێك ڕادەسپێرێت بۆ دوای خۆی بۆ ئەوەی ببێتە پێشەوا، دواتر هەموو پێشەواکان بۆ دوای خۆیان کەسێك ڕادەسپێرن، جگە لەوە بەشێك لە شیعەکان ڕۆڵ و پێگەی عەلی زۆر بەرزدەکەنەوە زیاتر لە هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر، تەنانەت سوکایەتیان پێ دەکردن بە تایبەت ئەوانەی لەنێو مێژووی گێڕدراوە، بەڵام جیا لە گێڕانەوەی ئەوان کارابوون وەك ئەبو بەکر ، عومەر و عائیشە...، هەروەها پێگەی عەلیشیان بەمجۆرە بەرز دەنرخاند، دەیان وت: عەلی باشترین دروستکراوەکانە لە ڕۆژی دواییدا و باشترینیانە لە بەهەشتدا و باشترین دروستکراوەکانی دونیاشە، هەر کەسێك دژایەتی بکات و شەڕی لەگەڵ بکات، یان ڕقی لێ ببێتەوە، ئەوا دوژمنی خودایە و هەتا هەتایە لە دۆزەخدایە لەگەڵ بێ باوەڕو دوڕووەکان (النوبختي,١٩٣١: ١٦-١٩؛ أمين،١٩٢٨: ١/ ٣١٨، ٣٢٠)، بەمەش پێشەوا لە لای شیعەکان جیاوازە وەك ئەوەی لەلای مەزهەبەکانی دیکە هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو مەزهەبە شیعییەکان هەمان تێڕوانینیان نییە، لەوانە زەیدییەکان ئەوانەی شوێنکەوتووی زەید کوڕی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بوون، مەزهەبی ئەم گروپە نزیکترینە لە مەزهەبی سوننە، سەرەڕای ئەوەی دەیانگوت عەلی کوڕ ئەبو تالیب باشترە لە ئەبو بەکر و عومەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەلافەتی ئەم دوو کەسایەتییەیان لەلا دروستبوو (النوبختي,١٩٣١: ٥٠-٥١)، هەروەها لە تێڕوانینیان بۆ پێشەوا ڕوانگەیەکی میانڕەویان هەبوو، دیاریکردنی پێشەوا لە لایان بە دەق نەبووە، بە تایبەت لە نێو نەوەکاندا (أمين،١٩٢٨: ١/ ٣٢٤).

لە لای ئەو ڕەوتانەی درەنگتر بە ئەهلی سوننە و جەماعەت ناودەبرێت بە جۆرێکی دیکەیە، پێیانوایە پێشەوا ئەرکە و لەسەر ئوممەتە دایمەزرێنن، بە شێوەی هەڵبژاردن، واتا بە دەنگ و ڕای موسڵمانان پێشەوا دیاریدەکرێت، هەروەها ئەم پایەیە مەرجە بۆ کەسێك لە هۆزی قورەیش بێت، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەبو بەکر لە سەقیفەی بەنی ساعیدە بوو بە خەلیفە، بە پاڵپشتی بایەخدانی پێغەمبەر بە هۆزی قورەیش وەك فەرمویەتی:((الأمرُ في قريش)) (البخاري,٢٠٠٢: ٦١/ ٣٥٠٠) یاخود فەرمویەتی:((الأئمة من قريش))، جگە لەوە بۆ هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان تەنها دەبێت یەك پێشەوا هەبێت (البغدادي,٢٠٠٥: ٢٧٠-٢٧٢)، ئەرك و نوێنەری خاوەن شەریعەتە لە پاراستنی ئاییندا، خەڵك ناچار دەکات بەو پێیەی خودا فەرمانی پێکردووە مامەڵە بکات، هەروەها جگە لە لایەنە ئایینییەکە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و کارگێڕی و سەربازییەشە (أمين،١٩٢٨: ١/ ٣٢٣-٣٢٤).

هەرچی ڕەوتی عەقڵانی- موعتەزیلەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان تێڕوانینییان دەربارەی پێشەوایی بەشێك لە بۆچوونی مەزهەبە جیاوازەکانی لە خۆگرتبوو و زیاتر پشتیان بەعەقڵ بەستووە، پێیانوایە پێشەوا پێویستە بە شێوەی هەڵبژاردن بێت، بەڵگەش بۆ ئەوە خودا و پێغەمبەر هیچ کەسێکیان بە دەق دیاری نەکردووە، هەروەها موسڵمانانیش لەسەر کەس بە دیاریکراوی کۆنەبوونەتەوە، لەم لایەنەوە موعتەزیلەکان لەگەڵ هەردوو مەزهەبی سوننە و خەواریجییەکان هاوڕابوو، هەروەها هەموو موسڵمانێکی دادپەروەر و بڕوادار لە قورەیش بێت یاخود نا دروستە هەڵبژێردرێت. لەم ڕوانگەیەوە هەمان بۆچوونی خەواریجییەکان و پێچەوانەی هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعەیە، جگە لەوە ئاماژەیان بەوە کردووە، لە هەر سەردەمێك بێت، پێویستە موسڵمانان پێشەوای خۆیان هەڵبژێرن، لەم بۆچوونەدا هەمان بۆچوونی شیعەکانە، کە بوونی پێشەوا فەرزێکی ئایینی بوو (قاضي عبدالجبار,١٩٩٦: ٧٤٩، ٧٥٥، ٧٥٨, ٧٦٢؛ جارولڵا،٢٠١٩: ٤٥-٤٦).

تایبەت بە ڕەوتی مورجیئەش پێچەوانەی هەردوو مەزهەبی خەواریج و شیعە بوون، لەبەرئەوەی ئەم مەزهەبە بێلایەنی خۆیان بەرامبەر بە مەزهەبە ناکۆکەکان نیشاندا، تەنانەت پاساوییان بۆ ئەم بێلایەنییە هێنایەوە و بڕیاردان لەسەر ڕوداوەکانییان بۆ ڕۆژی دوایی دوادەخست (الشهرستاني,١٩٩٣: ١/ ١٦٢)، بەڵام پێیانوابوو خەلیفەکانی ئومەوی خەلیفەی شەرعین و بەیعەتی ڕەواییان وەرگرتووە و پێویستە گوێڕایەڵییان بین، بەمەش هەوڵی پاکانە کردنییان بۆ دەسەڵاتی ئومەوی داوە، بەمشێوەیەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی خەواریج و شیعەکان بوون، هەرچەندە هیچ بەریەککەوتنێك لە نێوان ڕەوتی مورجیئە لەگەڵ هەردوو مەزهەبی خەواریج و

شیعەکاندا نەبوو، لەبەرئەوەی مورجیئەکان خۆیان لێ دەپاراستن و بڕیارییان لەسەر نەدەدان (التفتازاني,د.ت: ٤٠-٤١؛ عەزیز،٢٠١٣: ٢١).

بەمەش پرسی پێشەوایی، بەهۆی تێڕوانین و بۆچوونی مەزهەب و ڕەوتە جیاوازەکان، بووە پرسێکی قوڵ و ئاراستەکارێکی ڕوانگەی موسڵمانان بۆ ڕابردو و خوێندنەوەیان بۆ مێژووی گێڕدراوە، لە هەوڵدان بۆ وەرگرتن لە لایەن هەریەك لەمانە و خستنە ڕوی کەسی شیاو بۆ ئەم پێگەیە، خەواریجییەکان و شیعەکان هەمان بۆچوونیان لەسەر ئەوە هەبوو، کە خەلیفەکانی ئومەوی ستەمکارن و قۆرخی دەسەڵاتییان کردووە، بۆیە دژی وەستانەوە و ململانێی توندی ئەم پایە ئاینی و سیاسییەیان کرد بۆ وەرگرتنی، ئومەوییەکانیش لە بەرامبەر نەیارەکانیان بە تایبەت خەواریج و شیعەکان وەك دوو گروپ و مەزهەبی سیاسی و ئاینی و مەترسیدار لەسەر پێگەیان زۆر توند بوون، بە تایبەتر شیعەکان، لەبەرئەوەی بە نهێنی کاریان دەکرد، ئومەوییەکانیش ئەوەی گومانیان لێی هەبووایە دەست و قاچییان دەبڕین و دەیانکوشتن، و زیندانییان دەکردن و ماڵیان تاڵان دەکردن و دەیان ڕوخاند (أمین،١٩٢٨: ١/٣٢٧-٣٢٨)، بەمەش ئەهلی بەیت و شیعەکان لەسەردەمی ئومەوییەکان توشی گۆشەگیرییەکی گەورە بوون، ئەم گۆشەگیرییە هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی هاوسۆزی موسڵمانان بۆیان (التفتازاني,د.ت: ٧٦). لەگەڵیشیدا ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ داخرانیان بەسەر هزر و بیروباوەڕیان بۆ ئیسلام وەك سیستەمێکی کەلتوری بە هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لەوانەش مێژووەکەی.

دەمارگیری مەزهەبی وایکردووە زۆرێك لە دەمارگیرە مەزهەب و ڕەوتەکانی دیکە بکوژن، سەرکەوتن بۆ مەزهەب و دەمارگیری بەرامبەر بە سەرپێچی کاران، کە ڕوداوی کوشتنەکان بۆیەیەکی مەزهەبی تەواوە، لەوانە وەك: قەرامیتەکانی بەحرەین بە حاجییانی سوننەیان کرد، لە ساڵی (٢٩٤ك/ ٩٠٦ز)، کە ڕێگەیان لە حاجییەکانی خۆراسان گرت لەکاتی گەڕانەوەیاندا، پیاوەکانییان کوشتن و ژنەکانییان بە دیل گرتن و پارەو ماڵیشیان بردن، ئاماژەیان بە (٢٠) هەزار کەس کردووە، لێیان کوشتوون (إبن الأثیر،١٩٨٧: ٦/٤٣٢-٤٣٣)، هەروەها ئەوەی شیعە عوبەیدییەکان لە دەوڵەتەکەیاندا بەرامبەر بە سوننە مەزهەب کردییان، ڕێگەیان بە ڕشتنی خوێنی سوننەکاندا لە مەغریب، تا ئەو ڕادەیەی کەسایەتییە دیارەکان و فەقیهەکانی سوننەیان لە ماڵەکانیان و لەسەر ڕایەخەکانیان سەر دەبڕین، دەوترێت ژمارەی کوژراوەکانیان گەیشتۆتە (٤) هەزار کەس (الذهبي,١٩٨٣: ١٥/١٤٥؛ علال،٢٠١٥: ٧١، ٧٣).

خودی دەسەڵات ڕۆڵی گرنگی لە قوڵکردنەوەی تواناو هێزو ململانێ لە خزمەت مامەڵەی دەمارگیریانە لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینی بینیووە. خەلیفە و دارودەستەکانیان بەشێوەیەکی بەرفراوان چالاك و کاریگەربوون لە پشتیوانی کردن و چەسپاندنی لە کۆمەڵگادا. وەك لەسەرەتای حوکمڕانی عەباسییەکان پشتگیرییان لە مەزهەبی حەنەفی دەکرد و کاریان بۆ سەرخستنی ئەم مەزهەبە دەکرد، لە قۆناغەکانی دواتردا ئەبو یوسف (م. ١٨٢ك/٧٩٨ز) ڕۆڵێکی گرنگی لە خەلافەتی عەباسی بە لەبەرچاوگرتنی پێگەکەی بۆ مەزهەبی حەنەفی هەبوو (تسافریر،٢٠١٧: ٦٢، ٦٩)، هەروەها لەو قۆناغەدا بەهۆی توندی خەلیفە هارون ڕشید (١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز) لە ڕوی ئاینەوە وەك دەوترێت موعتەزیلەکان نەیان توانیووە بە ئازادانە ڕاو و بۆچوونەکانییان بڵاوبکەنەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە کاتێك هەواڵی بیشری کوڕی ئەلمەریس بە هارون ڕشید ڕادەگەیەنن باسی خەلقی قورئانی کردووە، خەلیفەش وتویەتی:((سوێند بە خوا، ئەگەر دەستم دەیگاتێ، دەبێ وەهای بکوژم، کەسم بەو شێوەیە نەکوشتبێ)) (الخطیب البغدادي,٢٠٠١: ٧/٥٤١)، بەڵام کاتێك ڕەوتی موعتەزیلە لە لایەن خەلیفە مەئمونەوە قبوڵکرا و پشتیوانیەکی زۆری لە لایەن بەشێك لە زانایانی مەزهەبی حەنەفی لێکرا، بە پێچەوانەوە بەشێکی دیکە لە زانایانی مەزهەبی حەنەفی دژی بۆچوونەکانی ڕەوتی موعتەزیلە بوون و لەگەڵ زانایانی ئەهلی فەرموودە هاوڕابوون (توسافریر،٢٠١٧: ١٢٧). دوای ئەوەی خەلیفە موعتەزیلەی وەك ڕەوتێکی فەرمی دیاریکرد، ئەم ڕەوتە توانی دەسەڵات بۆ خزمەتی خۆی بەکاربهێنێت، هەروەها زۆر دەمارگیربوون بەرامبەر بە نەیارەکانییان، بە کردار خەلیفە مەئمون (١٩٨-٢١٨ك/٨١٤-٨٣٣ز) ئەنجامیدا و بۆچوونەکانی موعتەزیلەی بەسەر خەڵکیدا چەسپاند و ترس و تۆقین و هەڕەشەی بەرامبەر بە زانایان و خەڵك بەکارهێنا، بەهەمان شێوە لە سەردەمی هەردوو خەلیفەی عەباسی (معتصم بالله (٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤٢ز) و واثق(٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤٢-٨٤٧ز)) لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتن خەڵك، زانایان، ئەهلی سوننە و فەرموودەیان تاقیدەکردەوە، توشی ئازار، ئەشکەنجە و کوشتن دەبوونەوەو زیندانەکانیان پڕ کردبوو لە نەیارەکانیان (الیعقوبي,٢٠١٠: ٢/٤٤٤؛ علال،٢٠١٥: ٢٨٤).

سوننەکان کاتێك دەسەڵاتیان قۆستەوە بۆ سەرکەوتنی مەزهەبەکانیان و هەوڵی بەرتەسکردنەوەی نەیارەکانییان دا، دوای ئەوەی خەلیفە متوەکیل (٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦٢ز) سنوری بۆ موعتەزیلەکان دانا و مشتومڕی لەسەر خەلقی قورئان و بابەتەکانی دیکەی لەو بارەیەوە قەدەغە کرد، هەروەها تەواوی ئەو زیندانانەی لەسەر ئەم پرسە زیندانی کرابوون ئازادی کردن، بەم کارەش سوننەکان هاتنە پێشەوە و ڕاوەدوی موعتەزیلەکانییان کرد و ڕەتیان کردنەوەو زیانیان پێگەیاندن (الیعقوبي,٢٠١٠: ٢/٤٤٧؛ علال،٢٠١٥: ٢٨٦)، بە توندترین شێوە دژایەتییان کردن و لە کایەی سیاسی دوریان خستنەوە، بە هەمان شێوە ئەوانیش توشی ناڕەحەتی بوونەوە لە لایەن ئەهلی سوننە و فەرموودەناسانەوە، لە دەسەڵات لادران و ژمارەیەکییان خستنە زیندانەوە (الطبري،١٩٧٥: ٩/١٩٠)، بەمەش ئەو شکستەی موعتەزیلەکان توشی بوون، لایەنگرانی فەرموودەناسانی شاد کرد، لەبەرئەوەی ڕقی زۆریان لە موعتەزیلەکان دەبۆوە، بە تایبەت لایەنگرانی ئەحمەد کوڕی حەنبەل (م.٢٤١ك/٨٥٥ز)، بەهۆی ئەو ئازارو مەینەتییە زۆرانەی بەدەست موعتەزیلەکان چەشتبوویان (جارۆڵڵا،٢٠١٩: ٢٨٥)، لە ڕاستیدا دەکرێت هۆکاری خراپی مامەڵەی بەشێك لە سوننەکان، دوای دانپێدانانیان لە لایەن خەلیفەوە، بۆ ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجە و نەهامەتییانەی موعتەزیلەکان بەسەر ئەو موسڵمانانەیان هێنا کە لە دەرەوەی ڕەوتی موعتەزیلە بوون بگەڕێتەوە، وەك پەرچە کردارێك تۆڵەی خۆیان کردەوە لە بری ئەو قۆناغەی موعتەزیلەکان لە دەسەڵات بوون پێیان کردبوون،

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp118-131

لەبەرئەوەی لەلایەن سوننەوە موعتەزیلەکان کەوتنە بارودۆخێکی خراپەوە، ئەو دەسەڵاتەی پێشتر لە دەست ئەوان دابوو، ئێستا ڕووبەڕوی خۆیان بووەتەوە، ئەو نەیارانەی نەیان دەتوانی لە ئاست ئەواندا سەر بەرزبکەنەوە، ئێستا لە ژێر دەستی ئەواندا توشی ئازار و مەینەتی بوونەتەوە. ئەمەش دەسەڵاتی سیاسی دەردەخات، چ ڕەنگدانەوەیەکییان هەبووە بەسەر بەهێزکردنی ململانێی نێوان مەزهەبەکان.

هەروەها تایبەت بە بۆچوونی عەباسییەکان و ئیمامەکانی ئەهلی بەیت بۆ کاروباری خەلافەت جیاواز بوو، عەباسییەکان وەك مافێکی شەرعی خۆیان سەیریان دەکرد، بە شکست پێهێنانی ئومەوییەکان پێی گەیشتوون، بۆیە چێژیان لێ وەردەگرت، جگە لەوەی بە هۆی ئەو خزمایەتییەی لەگەڵ پێغەمبەر لە ڕێگەی عەباسی مامیەوە هەیانبوو، ئەمە بیرۆکەیەك بوو خەلیفەکان بەردەوام پشتییان پێ دەبەست، لە بەرامبەردا عەلەوییەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن و شەڕی بۆ دەکەن، شایستەی وەرگرتنی پایەی خەلافەتن، بەمەش ئیمامەکانی ئەهلی بەیت خەلافەتییان وەك مافێکی یاسایی بۆ خۆیان سەیر دەکرد، لەبەرئەوەی پێیانوایە، پێغەمبەر لە دوای بەیعەتی غەدیرەوە مەرجی داناوە، ئەم مافە بە دەق بۆ عەلەوییەکانەو لە ئیمامێکەوە بۆ ئیمامێکی دیکە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو مافەیان دەستی بەسەر داگیراوە، بۆ دەرخستنی ئەو مافە، هەروەك ئاماژە بەوە کراوە، کاتێك خەلیفە هارون ڕەشید چووەتە حیجاز بۆ ئەنجامدانی حەج و سەردانی گۆڕی پێغەمبەری کردووە و وتویەتی:((سڵاوی خودات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی کوڕی مامم، ئیمام موسی کازمیش وەستابوو، وتی: سڵاوی خودات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی باوکم)) (الإربلي,٢٠١٢: ٢٨٧/٣؛ الجبوري,٢٠١٢: ٤٢-٤٣).

واتا هەر لایەنەو هەوڵی خۆ خستنە پێشی داوە، وەك شایستەتری ئەو مافە. لێرەدا ئیمام موسی مەبەستیەتی بە بن گوێی خەلیفە دا بچرپێنێ، کە ئێمە لە پێشترین لە ئێوە، ئەو مافە بۆ ئێمەیە، کە ئێوە زەوتتان کردووە. لێرەدا دەسەڵاتدارو خەلیفەکان ڕۆڵی بەرچاوییان هەبووە لە قوڵکردنەوەی ململانێی مەزهەبی، بە تایبەتی لە کاتی پشتگیری کردنی مەزهەبێك و بەرپەرچدانەوەی مەزهەبەکانی دیکە، نمونە مامەڵەی خەلیفەکانی عەباسی لەگەڵ ئیمامەکانی ئەهلی بەیت، بەرزو نزمی بە خۆیەوە بینیووە، لەوانە لەسەردەمی خەلیفە مەهدی (١٥٨-١٦٩ك/٧٧٥-٧٨٦ز) هەوڵیداوە لە عەلەوییەکان نزیك بێتەوە و پارەی زۆری پێداون و گەڕاندونیەتەوە بۆ سەر کارەکانیان، هەروەها گرنگی بە ئاوەدانکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان داوە، بەڵام ئەوە درێژەی نەخایاند، لەبەرئەوەی سیاسەتەکەی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری پێداهات، ئەوە بووە هۆی ئەوەی عەلەوییەکان شۆڕشی لە دژی ئەنجام بدەن، تەنانەت وەزیرەکەی یەعقوب کوڕی داود بەهۆی ئازادکردنی عەلەوییەك زیندانی کرا. هەروەها ئەم دژایەتییە لەسەردەمی خەلیفە هادی (١٦٩-١٧٠ك/٧٨٦-٧٨٧ز) بەردەوام بوو، و بەریەککەوتن ڕوویدا لە نێوانیان و بە شکستی عەلەوییەکان کۆتایی هات، بەڵام خەلیفە هارون ڕشید هەوڵی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێی دابوو، کە لەگەڵیان میهرەبان بوو، دیلەکانیانی لە بەغدا ئازاد کرد و ڕێگەی پێدان بگەڕێنەوە مەدینە (الطبري،١٩٧٥: ١٦١/٨-١٩٢،١٦٢؛ الجبوري,٢٠١٢: ٣٧-٣٨).

خەلیفە مەئمون هەوڵیداوە سیاسەتێکی نەرم و نیان بەرامبەر بە عەلەوییەکان پەیڕەو بکات، لە گرنگترین کارەکانی دانانی عەلی ڕەزا بوو بە وەلی عەهد، هەرچەندە عەلی ڕەزا باوەڕی بەو کارە نەبوو، بەڵام فشارێکی توندی لەسەر بوو و ناچار بوو قبوڵی بکات، سەرەڕای پاڵنەرە زۆرەکانی پشت ئەم بابەتە، ئەمە ئاماژەیەکی بەهێز بوو بۆ دانپێدانانی دەسەڵاتداران بە پێگەی ئەهلی بەیت، بەشێك لە عەباسییەکان ئەم هەنگاوەیان بە گواستنەوەی خەلافەت لە بنەماڵەی عەباسییەوە بۆ بنەماڵەی عەلی سەیر دەکرد (إبن الطقطقي,١٩٦٦: ٢١٧-٢١٩)، خەلیفە مەئمون بەردەوام بووە لە پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ عەلەوییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریدا بە پێدانی کچەکەی (أم الفضل) بە موحەممەد جەواد کوڕی عەلی ڕەزا، بەڵام دەوترێت عەباسییەکان وەك بنەماڵە ئەم هەنگاوەیان بە مەترسی دەزانی، نەوەك دەسەڵات بچێتە دەست عەلەوییەکان (المفيد,١٩٦٢: ٣١٩)، بۆیە لەسەردەمی خەلیفە موعتەسم بالله ترسی لە زیادبوونی شوێنکەوتوو و لایەنگرانی ئیمام هەبوو، بە مەترسی بۆ سەر پێگەی خەلافەتی دەزانی، بەمەش خەلیفە ئیمام موحەممەد جەواد تۆمەتبار دەکات بە ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین لە دژی خەلافەت، ئەم دۆخەی ئیمام زۆری نەخایاند، دوای دوو ساڵ لە وەرگرتنی خەلافەت لە لایەن موعتەسم بالله لە ساڵی (٢٢٠ك/٨٣٥ز) کۆچی دوایی کرد، کە گومان هەبوو لە مردنی، دەوترێت بە فەرمانی خەلیفە ژەهر خوارد کراوە (المفيد,١٩٦٢: ٣٢٦؛ الجبوري,٢٠١٢: ٨٢-٨٤).

سەرەڕای ئەو هەڵوێستە جیاوازانە بۆ نزیك بوونەوە لە عەلەوییەکان لە لایەن خەلیفەکانی عەباسییەوە، بەڵام دەبینین بەشێك لە عەلەوییەکان بەردەوام بوون لە ئەنجامدانی شۆڕش وەك: شۆڕشی عبدالرحمن کوڕی ئەحمەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی موحەممەد کوڕی عومەر کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە ناوچەی یەمەن لە ساڵی (٢٠٧ك/٨٢٢ز)، و شۆڕشی موحەممەد کوڕی قاسم کوڕی عەلی کوڕی عومەر کوڕی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە هەرێمی خۆراسان لە ساڵی (٢١٩ك/٨٣٤ز) (اليعقوبي,٢٠١٠: ٤٣١/٢؛ الطبري,١٩٧٦: ٥٩٣/٨, ٧/٩) هەروەها چەندین بزوتنەوەی دیکە.

لەسەردەمی خەلیفە موتەوەکیل (٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز) ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ عەلەوییەکان پێچەوانە دەبێتەوە، بەهۆی بوونی مەیلی سوننەگەرایی بەهێز، والی مەدینەی ڕاسپاردبوو بۆ چاودێریکردنی کاروبارەکانی ئیمام هادی، لەبەرئەوەی زۆر توندبوو لەسەر بنەماڵەی ئەبی تالیب و متمانەی پێیان نەبوو، تەنانەت دەستی بۆ کارێك برد، پێشتر هیچ یەکێك لە خەلیفەکان دەستیان بۆ نەبرد بوو، ئەویش تێکدانی گۆڕی حوسێن بوو، هەروەها لەسەر هەموو ڕێگاکان پاسەوانی دانابوو، هیچ کەسێك نابێت سەردانی بکات، سزای زۆر قورسیان دانابوو بۆ ئەو کەسانەی سەردانی گۆڕی حوسێن دەکەن (الطبري,١٩٧٥: ١٨٥/٩؛ الأصفهاني,١٩٦٥: ٣٩٥)، لە بەرامبەر ئەو کاروکردەوانانەی خەلیفە متوەکیل، ئیمام هادی تانەی لە دەسەڵاتی داوە، لەسەر ئەوە خەلیفە هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە و وتویەتی:((بە خودا من ئەو دوورووە زەندەقییە دەکوژم، لە کاتێکدا بانگەشەی درۆ دەکات، و دەوڵەتم ناشیرین دەکات و تانەی لێ دەدات)) (الإربلي,٢٠١٢: ٣٨/٤). بەمجۆرە ئەم

ڕوداوە سیاسییانە ڕۆڵی گرنگ و قوڵی هەبوو، لە ڕەنگدانەوەی ململانێی بەهێزی نێو مەزهەبە جیاوازەكان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كاریگەرییان بەسەر چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ڕابردودا كردبوو. ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشكردبوو ڕابردو بە شێوەی جیاجیا لە ئێستادا لە لایەن بكەرە مێژووییەكان بنوێنرێ و هەر لایەن و ڕێباز و مەزهەبێك بە چەشنێك ڕوداوەكانی وێنا بكات، لەم ململانێ سیاسییانەدا بە هانایەوە بێت بۆ ڕەوایەتیدان بە هەڵوێست و تێگەیشتنە سیاسییەكانیان.

## ٣. پرسی بیروباوەڕ

چەندین پرسی جیاوازی بیروباوەڕ بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ مەزهەبییەكان، تانەدان، ڕەتكردنەوەی یەكتر، بە بێباوەڕ دانان و دەرچوون لە ئایین بەهۆی ئەو چەمكە بیروباوەڕانەوە، هەریەك لەو مەزهەبانە بە سەختی بەرگریان لە بیرو بۆچوون و باوەڕەكانی خۆیان كردووەو ئەوانەی بەرامبەریان ڕەتكردۆتەوەو دژایەتییان كردون، بە بێباوەڕ، گومڕا و دەرچوو لە ئیسلامییان داناون، تەنانەت تا حەڵاڵكردنی خوێنی یەكتر. بەشێك لە گرنگترین پرسەكانی ململانێی نێو ڕەوت و مەزهەبەكان بریتیبوون لە:-

### ٣-١. ئەنجامدەرانی تاوانی گەورە

لە دیارترین كێشەكانی نێو كۆمەڵگەی ئیسلامی بوو، بەهۆی ناكۆكی سیاسی سەركردەكان لەسەر خیلافەت و كێشەی سیاسی لە تاوانی گەورە تێوە گلابوون، هەر لە كوژرانی عوسمانی كوڕی عەففان خەلیفەی موسڵمانان، جەنگی جەمەل و جەنگی صفین، هەندێ لە كردەوەكانی خەواریج و ئومەوییەكان، هەموو ئەو ڕوداوانە موسڵمانانی كردبووە چەندین گروپ و تاقم، لە ململانێیەكی خوێناویدا بوون. بۆیە قسەكردن لەسەر ئەم پرسە، جیاوازی تێڕوانین و بیروبۆچوونی مەزهەبەكان تەنها پرسێكی تیۆری نەبوو، بەڵكو ڕیشەی مێژوویی هەبوو، خوێندنەوەی ئەو مێژووە گفتوگۆ و هەڵوێستەكانی ئاراستە دەكرد. لێرەدا مەزهەبە جیاوازەكانی ئیسلامی ڕاو و بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانی گەورە هەبوو، هەریەك لە مەزهەبەكان بەپێی هەست و سۆزو لایەنگرییان، بەشێك لە موسڵمانانیان یاخود ئەوانەی دەرەوەی مەزهەبی خۆیان بە بێباوەڕ و هاوبەشی دانەر ناودەبرد، بە بیانووی ئەوەی بەشداربووینە لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە، هەروەها ئەم پرسەیان لە پرسێكی سیاسییەوە برد بۆ بیروباوەڕ.

لایەنگرانی عەلی كوڕی ئەبو تالیب هەموو ئەوانەیان بە بێباوەڕ دادەنا، لە عەلی هەڵگەڕابوونەوەو شەڕیان لەگەڵ كردبوون، ئەوانەی ناكۆك بوون لەگەڵیان، هەروەها ئەوانەی لە مافی خەلافەت بێ بەشیان كردبوون، (النوبختي،١٩٣١: ١٢-١٤؛ علال،٢٠١٥: ٥١)، بەڵام خەواریجییەكان لەو بارەیەوە پێیانوابوو، دەستەی جەمەل بە هۆی شەڕیان لەگەڵ عەلی بێباوەڕ بوون، سەبارەت بە خودی عەلی پێیانوابوو لە جەنگی جەمەل و لە شەڕی صفین تاوەكو پێش پرسی ناوبژیوانی لەسەر هەق بووە، بەڵام ئەویش بە هۆی پرسی ناوبژیوانییەوە بێباوەڕ بوو، كە بڕیارو فەرمانەكانی خودای واز لێهێنا (إبن إباض,١٩٨٣: ٢١؛ جارولڵا،٢٠١٩: ٤٤)، واتا لە كۆتاییدا عەلیش بێباوەڕە. خەواریجییەكان پێیانوایە هەر كەسێك تاوانی گەورە ئەنجام بدات، پێی بێباوەڕ دەبێت و لە ئایینی ئیسلام دەچێتە دەرەوە، بەمەش لەگەڵ تێكڕای بێباوەڕەكان بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێنێتەوە، هەرچەندە لە نێو هەندێ لە گروپەكانی بۆچوونی جیاواز لەو بارەیەوە هەبوو (الشهرستاني,١٩٩٣: ١٤١/١)، هەروەها گروپی ئەزاریقە توندڕەوترین گروپی خەواریجی بوون، هەموو موسڵمانانیان جگە لە خۆیان بە بێباوەڕ ناساند، دەیان وت: دروست نییە هاوەڵە باوەڕدارەكان وەڵامی كەسی تر بدەنەوە، ئەگەر بانگییان كردن، نابێ لە قوربانییان بخۆن و هاوسەرگیرییان لەگەڵ بكەن، ئەوانە هاوشێوەی عەرەبە بت پەرست و بێ باوەڕەكانن، هیچییان لێ قبوڵ ناكرێ جگە لە ئیسلام بوون و شمشێر، ناوچە و ماڵەكانییان شوێنی شەڕە، هەروەها دروستە ژن و منداڵەكانییان بكوژی (البغدادي,٢٠٠٥: ٥٦؛ أمین،١٩٢٨: ٣١٢/١).

سوننەكان باوەڕیان بە ڕاست و دروستی ئیسلامیەتی هەردوو بەرە لە جەنگەكانی جەمەل و صفین هەبوو، بەڵام پێیانوابوو ئەوانەی جەنگییان دژی عەلی بەرپاكرد، تاوانبارن و لە هەڵەدان، بەڵام ئەو هەڵەو تاوانەی ئەنجامیان داوە، نە بێباوەڕییە و نە فاسیقە (البغدادي,٢٠٠٥: ٨٣). بەهەمان شێوە ڕەوتی مورجیئەش پێیانوابوو هەردوولا باوەڕدارن (عبدالجبار،١٩٩٦: ٧٠١)، بڕیاردانیش لەسەریان بۆ ڕۆژی دوایی بەجێهێشتووە، بەڵام پێییانوایە خاوەن تاوانە گەورەكان دوای وەرگرتنی سزا لە دۆزەخ دەهێنرێنە دەرەوە و مانەوەیان بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا ئەستەمە، لەبەرئەوەی دادپەروەری تێدا نییە، كەسێك بەهۆی تاوانێكی گەورەوە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا بهێڵدرێتەوە، لەبەرئەوەی مورجیئەكان كردەوەیان بە بەشێك لە باوەڕ دانەنایە، بەمەش تاوانی گەورە لە لایان زیان بە باوەڕ ناگەیەنێت (الشهرستاني,١٩٩٣: ١٦٢/١؛ ئەبو سعود،٢٠١٩: ١٦٥-١٦٦).

هەرچی ڕەوتی موعتەزیلەیە جیاواز لەو بیروباوەڕانەی مەزهەبەكانی دیكە، وەك لە سەرچاوەكاندا ئاماژەی پێكراوە ئەم پرسە هۆكاری ڕاستەوخۆی دەركەوتنیان بووە، هەروەها بڕیاری تایبەت بە خۆیان بۆ بابەتی ئەنجامدەرانی تاوانی گەورە هەبوو (إبن المرتضی,١٣١٦: ٣)، ئاژاوەو ململانێ لە نێو ئومەتی ئیسلامی دروستكردبوو بەو هۆیەوە، لەوانە دەربارەی عوسمان و بكوژەكانی پێیانوابوو یەكێك لەو دوو لایەنە فاسق، هەڵە و تاوانكارە، بەڵام ناتوانین هەڵەكار دیارییكەین، بە هۆی ئەمەشەوە گەواهی لە هیچ كامێكیان وەرناگیرێ، بەهەمان شێوە بۆ جەنگی جەمەلیش لایەنێكیان هەڵەو فاسقە، هەروەها دەكرێت فاسقەكەش لە هەردوولا بێت، بەڵام مادەم گومان لە هەردوولا دەكرێت و ڕونیش نییە كامیان فاسقن، بەمەش گەواهی هەردوولایان ڕەتدەكرێتەوە، هەرچەندە بەشێك لە موعتەزیلەكان هەردوو لایەن بە فاسق دادەنێن و گەواهی هیچیشیان وەرناگیرێت، هەر كاتێكیش ئەو كەسەی تاوانی گەورەی ئەنجامداوە لە دونیا دەربچێ بە بێ تەوبە و پەشیمانی، ئەوا بە هەمیشەیی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە، بەڵام سزاكەیان سوكترە لە سزای بێباوەڕان (الشهرستاني,١٩٩٣: ٦٢/١-٦٣)، ئەمەش بەهۆی ئەو بنەمایەی بیروباوەڕی موعتەزیلەكانی لەسەر

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp118-131

دروستبوو، ئەویش ئەنجامدەری تاوانی گەورە نە بێباوەڕەو نە بڕواداری تەواوە و نە دوڕوە، بەڵکو لە نێوان هەردووکیان دایە، کە خانەیەکە لە نێوان دووخانەدا و فاسقن (عبدالجبار،١٩٩٦: ١٣٩-١٤٠؛ إبن المرتضى,١٣١٦: ٣). بەمەش ئەم پرسە یەکێك بوو لە پرسە گەرم و گوڕەکانی نێو مەزهەبە جیاوازەکان و مشتومڕی زۆری دروستکرد و هەریەك لە مەزهەبەکان تێڕوانینی جیاوازییان بۆی هەبوو، تێڕوانینێك کە ڕیشەی مێژوویی هەبووە و پێویستی بە ناسینەوەی زەمەنی هەڵوێست و چۆنیەتی تێگەیشتنی پێشینانی لێی هەبووە.

### ٣-٢. چارەنوس و ویستی ئازاد

پرسی چارەنوس و ویستی ئازاد یەکێکی دیکە بوو لەو بنەما بنەڕەتییانەی مشتومڕی زۆر هەڵگرتبوو لە نێو ڕەوت و مەزهەبە ئیسلامییەکاندا و کاریگەریی بەسەر هەستی مێژووییانەوە هەبووە، ئەمەش بەهۆی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی هەندێ ئایەتی نێو دەقی قورئانەوەیە، وایکردووە مەزهەبەکان ململانێیی یەکتر بکەن و بە ئاراستەی جیاوازدا بڕۆن. ئەمەش کۆمەڵەی موسڵمانانی دابەش کردبوو، هەروەك ئیبن حزم (م. ٤٥٦ك/١٠٦٤ز) وتویەتی:((خەڵك تێڕوانینی جیاوازییان هەبوو لە بارەی قەدەرەوە، کۆمەڵێك لەو بڕوایەدابوون مرۆڤ ملکەچ دەکرێت لە ئەنجامدانی کردەوەکانیدا و هیچ توانستێکی نییە لەو بارەیەوە، لە بەرامبەردا مەزهەبانێکی دیکە، پێیانوابوو، مرۆڤ ملکەچ نییە و تەواو سەرپشکە لە ئەنجامدانی کردەوەکانییدا و خودا پێی بەخشیون، ئەوانیش ئەو کارانە هەڵدەبژێرن و دەیکەن، کە ویستییان لەسەرە)) (١٩٩٦: ٣٣/١-٣٤).

ئەوانەی ئاماژە بە گرووپی جەبری دەکەن، پێیانوابوو مرۆڤ هیچ تواناو دەسەڵاتێکی بەسەر کاروکردەوەکانییەوە نییە ، لە ویستی خۆیەوە کار ناکات، بەڵکو خودا کردەوەکانی مرۆڤی دروست کردووە، ئەمەش بە پاڵپشتی چەندین ئایەتی نێو قورئان، ئەم بۆچوون و تێڕوانینەیان بۆ دروستبووە، لێرەدا چەند ئایەتێك وەك نموونە لەو بارەیەوە وەردەگرین لەوانە، خوای گەورە فەرمویەتی: (وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ) (سورة القصص: الآية/٦٨) ، لە ئایەتێکی دیکەدا فەرمویەتی:(وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ) (سورة الصافات: الآية/٩٦)، هەروەها فەرمویەتی:(وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا) (سورة الإنسان: الآية/٣٠)، و فەرموویەتی:(وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) (سورة السجدة: الآية/١٣)، لێرەدا ڕەوتی جەبرییەکان پشتییان بەو ئایەتانە بەستووە، خودا مرۆڤی ناچارکردووە و هیچ ویستێکی لە ئەنجامدانی کاروکردەوەکانیدا نییە، ئەم هزرە، پێچەوانەی مەزهەبی قەدەریە بوون لەسەر ئەم پرسە، ڕابەرەکەیان جەهم کوڕی صەفوان (م.١٢٨ك/٧٤٦ز) بوو، بۆیە گرووپی جەهمیەشی پێ دەوترێت. ئەم ڕەوتە باوەڕیان وایە مرۆڤەکان ناچارکراون لە ئەنجامدانی کاروکردەوەکانیان نەك بە هەڵبژاردن بێ لە لایەن خودی خۆیانەوە، بەڵکو توانا و ویستییان نییە بەسەریەوەو ناتوانن کاربکەن جگە لەوەی بۆیان دیاریکراوە لە لایەن خوداوە (الشهرستاني,١٩٩٣: ٩٧/١-٩٨)، خودی جەهمیش بەهۆی دەرچوونی لەگەڵ بزوتنەوەیەك دژی ئومەوییەکان بە دیل دەگیرێ و دەکوژرێ، بەمەش جهم بەهۆکاری سیاسی دەکوژرێ (أمین،١٩٢٨: ٣٤٢/١). ئەمەش دەریدەخات، هەڵوێستە باوەڕییەکانیش پەیوەستبوون بەخوێندنەوەی کەسی و ڕەوتەکان بۆ پاشخانی مێژوویی بەریەککەوتن یان ڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ کەسی و ڕەوتە نەیارەکانیان لەنێو ئەو پاشخانەدا.

جگە لە تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازی ڕەوت و مەزهەبەکان لەسەر ئەم پرسە، دەسەڵاتدارانی ئومەوی بە توندی کاریان لەسەر پرسی جەبری دەکرد، دیارە ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو، وەك پاساوێك بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات لە دەست خۆیان و ملکەچکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی بەکارهێناوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە یەکەم کەس تیۆری جەبری باس کردبێت، موعاویە کوڕی ئەبو سوفیان بووە، ئەوەی نیشانی موسڵمانان داوە، ئەو ڕوداوانەی بەسەر خەڵك و موسڵماناندا هاتووە لە قەزاو قەدەرەوەیە، مرۆڤ هیچی بەدەست نییە، هەموو کردەوەکانی لە لایەن خوداوەیە، بۆیە ئەوەی هاتۆتە پێش و ڕوویداوە، خودا ویستی لێ بووە و هێناویەتی، ئەمەی وەك بیانوێك دەهێنایەوە بۆ ئەو کاروکردەوانەی ئەنجامی داوە (عبدالجبار,د.ت: ٤/٨). هەر لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە کردووە، خودا ئەوی ناردووە و کردویەتی بە پێشەوا و کاربەدەستی موسڵمانان، کاروباری ڕادەست کردووە، بۆیە کردەوەکانیشی بە قەدەری خودا دەبینێت، ئیتر ئەم تیۆرە لە نێو بنەماڵەی ئومەوییەکان بڵاوبۆوەو درێژەی پێدرا، کاریان لەسەر دەکرد، تەواوی خەلیفەکانی ئومەوی پەیڕەوییان دەکرد و دەیان وتەوە (لطیف،٢٠١٧: ١١٠). بەمەش ئومەوییەکان سودی زۆریان لەم بیرۆکەیە وەرگرتووە، پێش ئەوەی وەك گروپ و مەزهەب کاری لەسەر بکرێت، زۆر بە توندی کاریان لەسەر کردووەو هەموو کردەوەکانیان بۆ ئەمە گەڕاندۆتەوە.

لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە جەبرییەدا، ڕەوتێکی دیکە هەبوو، ئەویش ڕەوتی قەدەری بوو، ئەمانە ئاماژەیان بە ویستی مرۆڤ و ئازادیان لە هەڵبژاردنی کاروکردەوەکان دەکەن، ئەوانیش بەهەمان شێوە بە پاڵپشتی کۆمەڵێك ئایەتی نێو قورئان جەختییان لەسەر بۆچوونەکانییان دەکردەوە، لەوانە وەك خودای گەورە لەو بارەیەوە فەرمویەتی:(وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا)(سورة الكهف: الآية/٢٩)، و فەرمویەتی:(وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَحِيمًا وَمَنْ يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُ عَلَىٰ نَفْسِهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا) (سورة النساء: الایه/١١٠-١١١)، هەروەها فەرمویەتی:(لِمَن شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) (سورة المدثر: الآية/٣٧-٣٨)، لە ئایەتێکی دیکەدا فەرمویەتی:(قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ ۖ فَمَنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ۖ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ) (سورة يونس: الآية/١٠٨)، لێرەدا ڕەوتی قەدەرییەکان بە تێگەیشتن و ڕاڤەی خۆیان پشتیان بەم ئایەتانە بەستووە بۆ دەرخستنی ویست و ئازادی مرۆڤ لە ئەنجامدانی کاروکردەوەکانیداو خۆیان خاوەنیانن و خودا بۆیانی بە دەستنەهێناوە (إبن المرتضى,١٣١٦: ١٢-١٣)، یەکەم

كەس لە نێو موسڵمانان دەربارەی ئازادی و ویستی مرۆڤ قسەی كردبێت مەعبەد جوهنی بوو (إبن قتيبة,١٩٦٩: ٤٨٤؛ الذهبي,د.ت: ١٤١/٤)، بەڵام لە بنەڕەتدا دەوترێت خاوەنی ئەم پرسە كەسێكی عێراقی بووە لەسەر بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی بوو، پاشان هاتۆتە سەر بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام، لەو كەسەوە مەعبەد جوهنی و دواتر غەیلان دیمەشقی و جەعد كوڕی درهەم وەریان گرتووە، هەروەها كاتێك مەعبەد لەگەڵ بزوتنەوەی ئیبن ئەشعەث دژی ئومەوییەكان دەرچوو، حەجاجی ثەقەفی كوشتی، هەرچەندە لێرەدا كوشتنی مەعبەد كوشتنێكی سیاسی بووە، نەك لەبەر بیرو بۆچوونی دەربارەی قەدەر، بەهەمان شێوە غەیلانیش بەهۆی بۆچوونەكانیەوە دەربارەی قەدەر لەسەردەمی هشام كوڕی عەبدولمەلیك (١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز) فەرمانی بڕینی دەست و قاچەكانی درا و كوشتییان، هەروەها جەعدیش لەسەر ئەم پرس و تێڕوانینە جیاوازانەی هەیبوو لە لایەن ئومەوییەكانەوە كوژرا (إبن المرتضى,١٣١٦: ١٥-١٧؛ أمين،١٩٢٨: ٣٤٠/١).

هەروەها بەهۆی ئەو بیروباوەڕانەیانەوە بەشێك لە موسڵمانان نارەزا بوون و هەڵوێستییان وەرگرت، و ئامۆژگاری دوای خۆشییان كرد، سڵاو، نوێژ لەسەر مردو و سەردانی نەخۆشی قەدەرییەكان نەكەن (البغدادي,٢٠٠٥: ١٤-١٥). واتا ئەم بیرو باوەڕ و مەزهەبە لەلای موسڵمانانی دیكە ڕەتكراوەتەوە.

خەواریجییەكانیش تایبەت بەم پرسە وەك لە ڕوانگەی سوننیەكاندا هاتووە، بیروبۆچوونی جیاوازییان هەبوو، ئەمەش وای لە خەواریجییەكان كردبوو دابەش بن، بەشێكییان پێیانوابوو خودا توانای كاری بە بەندەكانی داوە، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن هەموو كارێك ئەنجام بدەن، بۆیە هەم دەتوانن بێباوەڕ بن و هەم دەتوانن باوەڕدار بن، خوداش هیچ ویستێكی نییە لە كردەوەی بەندەكانییدا، بەمەش كردەوەكانییان لە لایەن خوداوە دروستنەكراون، بەڵام بەپێچەوانەوە بەشێكی دیكە لە خەواریجییەكان بۆچوونی قەدەرییان ڕەتدەكردەوەو باوەڕیان بە جەبر هەبوو، یەكێك لەوانە وەك گروپی ئەزاریقە، ئاماژەیان بەوە كردووە، هیچ كەسێك ناتوانێت هیچ بكات و ناچارە بە كردەوەكانیەوە، جگە لەوەی خودا بیەوێت، كردەوەی بەندەكانیش لە لایەن خوداوە دروستكراوە (الأشعري,١٩٥٠: ١٦٤/١-١٦٦؛ إبن حزم،١٩٩٦: ٣٣/٣).

هەروەك لە سەرچاوە خەواریجییەكاندا هاتووە، هەموو شتێك لە قەزاو قەدەرەوەیە هەتاوەكو بێتوانایی و لێهاتوییش. هەروەها ناگەیتە حەقیقەتی ئیمان تاوەكو باوەڕ بە قەدەری چاكە و خراپە نەبێت كە لەلایەن خوداوەیە (الربیع,٢٠٠٣: ٥٤/١)، بەشێكی زۆر لە ئەباضییەكانیش باوەڕیان بە قەدەر نەبوو، لەبەر ئەوەی پێیانوابوو كردەوەی بەندەكان دروستكراوە، خودا هەمیشە زانستی هەبووە، شتێك ببێت دەبێت و نەبێت نابێت، بەشێكیش لە هاوەڵانیان باوەڕیان بە قەدەر هەبوو (الربیع،٢٠٠٣: ٥٤/١؛ الأشعري,١٩٥٠: ١٧٤/١). شیعەكانیش لەو بارەیەوە هاوڕا نەبوون و بۆچوونی جیاوازییان هەبوو، ئەوانیش بۆ سێ لایەن دابەش ببوون، لایەنێكیان دەیان وت: كردەوەكانی مرۆڤ لەلایەن خوداوەیە، لایەنێكی دیكە پێیان وابوو، كردەوەكانی مرۆڤ نە بە شێوەی جەبرە وەك جەهمییەكان و نە بە شێوەی هەڵبژاردنە لە لایەن مرۆڤەوە بێت وەك ڕەوتی موعتەزیلە و قەدەرییەكان باوەڕیان پێی بوو، بەڵكو خۆیان سەرقاڵ نەكرد بەم پرسەوە، لایەنی سێیەمیش لەم مەزهەبە پێیان وابوو، كردەوەكانی مرۆڤ لە لایەن خوداوە دروستنەكراوە، هاوشێوەی وتەكانی موعتەزیلە بوون (الأشعري,١٩٥٠: ١١٠/١، ١٣٩؛ الصدوق،١٣٨٩: ٦١-٦٩).

بەهەمان شێوە ڕەوتی موعتەزیلەش دەربارەی كاروكردەوەكانی مرۆڤ، بە جۆرێك لە جۆرەكان هەمان بیرۆكەی قەدەریەكانییان هەبوو، پێیانوابوو مرۆڤ تواناداره بە بێ خودای گەورە، بۆ خۆی سەربەخۆیە لە دروستكردنی كردارەكاندا، نكۆڵییان لەوە كردووە، كاروكردەوەكان بە فەرمانی خودا بێت، دروستكراوی ئەو بن، بەڵكو ئەوە خودی مرۆڤەكانن كردەوەكان بەدی دەهێنن، مرۆڤەكان ویست و توانای سەربەخۆیان هەیە، جیاوازە لە ویست و توانای خودا، كەواتە كردارەكانییان هیچ بكەر و بەدیهێنەرێكیان جگە لە خۆیان نییە (إبن حزم,١٩٩٦: ٥٧/٥)، بۆیە هەر كەسێك بڵێ: خودا بەدیهێنەری كارو كردەوەكانی مرۆڤە، ئەوا هەڵەیەكی گەورەی كردووە (عبدالجبار,د.ت: ٣/٨)، بۆیە هەندێكجار بە گروپی موعتەزیلەكان وتراوە قەدەریەكان (أمين،١٩٢٨: ٣٤٣/١)، واتا موعتەزیلەكانییان بە قەدەری ناو هێناوە و بانگهێشتیان كردون، بەهۆی هاوڕاییان لە بارەی بەدیهێنەری كاروكردەوەكانی مرۆڤ.

هەرچی مەزهەبی سوننەكانن لەو بارەیەوە، كۆی ئەم مەزهەبانە هاوڕان و باوەڕیان وایە، خودا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر هەموو كاروكردەوەكانی مرۆڤەوە هەیە، تەواوی كردەكانی مرۆڤ خودا بەدیهێناون لە بكەرەكانیاندا، هەركەسێكیش باوەڕی بەمە نەبێت، ناچێتە نێو بازنەی باوەڕدارانەوە، بە هیچ شێوەیەك نابێت نارازی بوون لەو بارەیەوە هەبێت، بەڵكو تەنها پێویستە بە ڕاست بزانرێت و باوەڕیان پێ بهێنرێت، تەنانەت وەك پایەیەك لە پایەكانی باوەڕ سەیری دەكەن (إبن حنبل،د.ت: ٤١-٤٤؛ إبن حزم,١٩٩٦: ٨١/٣؛ لطيف، ٢٠١٧: ١٢٣).

ئەمەش بە پاڵپشتی ئایەتەكانی قورئانی، وەك خودا فەرمویەتی: (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا) (سورة الفرقان:الآية/٢)، لە ئایەتێكی دیكەدا خوای گەورە فەرمویەتی:(إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) (سورة القمر: الآية/٤٩)، هەروەها لە ئایەتی (٩٦)ی سورەتی (الصافات) وەك لە پێشوتردا ئاماژەی پێكراوە، لە ئایەتێكی دیكەدا خوای گەورە فەرمویەتی: (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ) (سورة الزمر:الآية/٦٢). لەسەر ئەم بنەمایانە هەموو كاروكردەوەكان و توانای مرۆڤ بۆ خودا دەگەڕێننەوە. بەمشێوەیە مەزهەبی سوننەكانیش وێنایەكی جەبرییان نیشانداوە، لە ئەنجامدانی توانستی كاروكردەوەكانی مرۆڤدا. لەسەرەوە بە ڕونی دەردەكەوێت خوێندنەوەو ڕاڤەی جیاوازی دەقی بنەڕەتی كە قورئان بوو، هۆكارێكی هەبوونی ڕوانگە و تێگەیشتنی باوەڕیانەی جیاواز بووە، بەشێكی ئەمەش پەیوەستە بەوەی چەندە خوێندنەوە و ڕاڤەكان لە دەرەوەی كات و شوێنەوە كراون یانیش پابەندبوون بووە بە زەمەنی ڕاڤەكردن و تێگەیشتن لە هۆكاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەكان لە چوارچێوەی كاتییانە و مێژووییانەی خۆیەوە.

### ٣-٣. خەلقی قورئان

ئەم پرسە لە قۆناغێك لە قۆناغەكاندا گەرمترین پرس بوو لە هزری ئیسلامیدا، مشتومڕێكی زۆری لە نێو موسڵمانان لێكەوتەوە، بە تایبەت ئەو كاتەی خەلافەتی

عەباسی ڕەوتی موعتەزیلەی کردبووە، ڕەوتێکی فەرمی خەلافەت. بۆچوون و باوەڕبوون بە خەلقی قورئان پێش ئەو قۆناغە لە لایەن هەردوو ڕەوتی قەدەریەو جەبریە بوونی هەبوو، وەك دەوترێت جەعد کوڕی درهم یەکەم کەس بووە دەربارەی خەلقی قورئان قسەی کردووە، لەسەر ئەم پرسەش لە لایەن ئومەوییەکان کوژراوە (اللالكائي,٢٠٠٥: ١٦/٣؛ إبن نباتة,د.ت: ٢٩٣-٢٩٤) هەروەها جەهم کوڕی صەفوان پرسی خەلقی قورئانی لە جەعد وەرگرتووە (إبن نباتة،د.ت: ٢٩٣)، دواتر گروپی موعتەزیلە زۆر بایەخییان بەم پرسە داوە، و پێیانوایە قورئان خەلقی خودایە (عبدالجبار،د.ت: ٣/٧) لەسەر ئەم بابەتەش زۆر دەمارگیر بوون بەرامبەر بە نەیارەکانییان و هەوڵی چەسپاندنی ئەم بۆچوونەیان دەدا بەسەر خەڵکدا، ترس و تۆقینییان بەکاردەهێنا، هەر کەسێك بۆچوونی لەگەڵ ئەم پرسە نەبووایە، بە بێباوەڕیان لە قەڵەم دەداو هەڕەشەیان لێ دەکرد و سزایان دەدا (علال،٢٠١٥: ٢٨٤).

هەروەها ئەشعەری ئاماژەی بەوە کردووە،((هەموو خەواریجییەکان هاوڕان لەوەی کە قورئان مەخلوقە)) (١٩٥٠: ١٨٩/١)، بەپێچەوانەوە ئەهلی سوننە و فەرمودەناسان زۆر دژی بۆچوونی ئەم ڕەوتانە بوون، ئەوان دەیان وت: قورئان کەلامی خودایە، بە هیچ شێوەیەك نەیان وتووە قورئان مەخلوقە، وەك دەوترێت زۆرجاریش بۆ دژایەتی کردنی مەزهەبە نەیارەکانییان وتویانە قورئان نە مەخلوقە نە مەخلوقیش نییە، کاتێك ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم لە لایەن مەئمونەوە ڕاسپێردرابوو، سەبارەت بە وەرگرتنی بۆچوونی زاناو فەرمودەناسان لەسەر ئەوەی قورئان مەخلوقە یاخود نا، ئەوان وتیان قورئان کەلامی خودایە (الطبري,١٩٧٦: ٦٣٧/٨-٦٣٨)، لەوانە ئەحمەد کوڕی حەنبەل وتی:((قورئان کەلامی خودایە و زۆری لەسەر ناڕۆم)) (الطبري,١٩٧٦: ٦٣٩/٨)، واتا بە هیچ شێوەیەك مەخلوق نییە، بەڵکو جگە لە زاتی ئەو لە کەسی دیکە دەرنەچووە و دەرناچێت و نابێت لەو بارەیەوە گفتوگۆ و مشتومڕ بکرێت، هەروەك نابێت هیچ کەسێك لەو بارەیەوە دوو دڵ و ڕاڕا بێت، هەر کەسێك بڵێ مەخلوقە، ئەوا گومانی تێدا نییە بێباوەڕە (أبو الحنيفة،١٣٢١: ٢١٨-٢١٩).

تایبەت بە ڕوانگەی شیعەش دەربارەی خەلقی قورئان بۆچوونی جیاواز هەبوو، بەشێکییان پێیانوابوو نەخالقە و نەمەخلوقە، ئەوانی دیکە پێیانوابوو مەخلوقە (الأشعري,١٩٥٠: ١٠٩/١-١١٠)، هەروەك لەسەرچاوە شیعەکانیشدا هاتووە، کە پرسیاریان لە یەکێك لە ئیمامەکانی ئەهلی بەیت کردووە، کە ئایا قورئان خالقە یان مەخلوقە، وتویەتی:((نە خالقە نەمەخلوقە، بەڵام کەلامی خودایە)) (الصدوق،د.ت: ٢٢٣)، بەهەمان شێوە ڕەوتی مورجیئەش هاوڕا نەبوون دەربارەی ئەم پرسە و بۆچوونی جیاوازییان هەبوو، بۆ سێ ئاراستەی جیاواز دابەش ببوون، بەشێکییان دەیان وت:((قورئان مەخلوقە، کۆمەڵێکی دیکە پێیانوابوو، مەخلوق نییە، کۆتا ئاراستەش دەیان وت: ناڵێین مەخلوقە و مەخلوق نییە)) (الأشعري,١٩٥٠: ٢١٥/١). واتا خۆیان بە دور گرتووە لەم بابەتە. لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەست دانییە ئەم پرسە خوداناسییانە لەسەردەمی پێغەمبەرو یاوەرانی گفتوگۆی لەسەر کرابێ، بەڵام دواتر بەهۆی کاریگەریی ئایینەکانی دیکە و بەریەککەوتنی موسڵمانان لەگەڵیان سەری هەڵداوە، ئەم ڕوانین و بۆچوونە لە دوای دەرکەوتنی موعتەزیلەکاندا گەشەی زیاتری لەگەڵ خۆیدا هێنا، بە تایبەت لەسەردەمی هێزو دەسەڵاتیاندا، بووە سەنگی بڕیار بۆ باوەڕ و ڕاست و دروستی باوەڕی ئەوانەی دەهاتنە نێو ڕەوتەکەوە، هەروەها خاڵێکی ڕون و دیارو یەکلاکەرەوەی جیاوازی ئەوان بوو لەگەڵ مەزهەبی سوننەدا.

### ٣-٤. سیفاتەکانی خودا

تێڕوانین و بیروبۆچوونی مەزهەبەکان لەسەر کۆمەڵێك بیروباوەڕ زۆر جیاواز بوون لەگەڵ یەکتر، کاریان لەسەر دەکرد، ململانێی بەهێزیان لەسەر ئەم بیروباوەڕانە هەبوو. لەوانە، هەردوو ڕەوتی قەدەری و جەبرییەکان، ئەویش پەیوەندی بە کەلامناسی، ئیسلامیی و سەرەدەری موسڵمانان لەگەڵ لایەنە لاهوتییەکانەوە هەبوو، تایبەت بوون بەچیەتی خودا لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیەوە، نەفی سیفەت و خەسڵەتە هەمیشەییەکانی خودایان دەکرد، بە بەڵگەی ئەوەی ئێمە ناتوانین خودا دەستنیشان بکەین یان درکی پێ بکەین، لەبەرئەوەی سروشت مەحاڵە لە بان سروشت تێ بگات، خودا نەك ئێمەی بە گەواهی خۆی ئاشناو نەناساندووە، تەنانەت توانای ناسین و درك پێکردنیشی پێ نەداوین، بۆیە وتویانە: ئەوانەی تایبەتمەندی کۆن، ژیر، بیستن و بینین بۆ خودا قەرار دەدەن، کەوتونەتە هەڵەیەکی گەورەوە، لەبەرئەوەی خودا لە وێنەی هیچ شتێکدا نییە (جاروڵلا،٢٠١٩: ٥٧-٥٨).

وەك شەهرستانی ئاماژەی پێکردووە، جەهمی کوڕی سەفوان وتویەتی:((دروست نییە خودا بە شتێك وەسف بکرێت، دروستکراوەکانی پێ وەسف دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەو کاتە هاوشێوەیی بۆ خودا بڕیار دەدرێت)) (الشهرستاني,١٩٩٣: ٩٧/١-٩٨)، بەهەمان شێوە موعتەزیلەکانیش سیفەتەکانی خودا لەکار دەخەن و هەمان باوەڕیان هەبوو و ئەم بیرۆکەیان کردبووە بناغەی قوتابخانەکەیان، نکوڵییان لە سیفاتی خودا دەکرد (عبدالجبار،١٩٩٦: ١٢٨-١٣٠؛المقريزي, ١٩٩٨: ١٧٠/٤)، پێیانوابوو زاتی خودا بۆ خۆی کۆنە و هیچ شتێك کۆن نییە جگە لە زاتی خوا، هەرچی دوای ئەو هەیە تازەیە (الخياط,١٩٩٣: ٥)، بەمەش ڕەوتی موعتەزیلە نەفی سیفاتی خودایان لە جەهمییەکان وەرگرت (أمين،١٩٢٨: ٣٤٣/١)، بەڵام موعتەزیلەکان لە پێگەیەکی دژەبەرانەدا لە تەنیشت جەهمییەکان وەستابوون، سەرەڕای هەمان هەڵوێستیان لە ڕەتکردنەوەی سیفاتەکانی خودا (التفتازاني,د.ت: ١١٣).

تایبەت بە بینینی خوداش لە لایەن هەریەك لە ڕەوتەکانی قەدەرییە، جەهمییە و موعتەزیلەکان تێکڕایان لەسەر نکوڵیکردن لە بینینی خودا بە چاوی سەر لە ڕۆژی دواییدا تەبان، بەڵام زۆرینەیان پێیانوایە خودا بە دڵ دەبینرێت، واتا بە دڵ پەی پێ دەبەیت و دەیناسی، سەرەڕای ئەوەی بەشێکیان ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، بەمەش بە توندی نکوڵییان دەکرد، دەربارەی بینینی خودا، سەردەکێشێ بۆ لێکچوون، لەبەرئەوەی بینین تەنها بە هەبوو و بە جەستە پەیوەستە، بۆیە پێیانوابوو، هەر کەسێك بڵێ خودا بە چاو دەبینرێت بێباوەڕە، لەبەرئەوەی ئەو کەسە خودای بە دروستکراوەکانی چواندووە، ئەمەش لەگەڵ بنەمای یەکتاپەرستی دا یەکناگرێتەوە،

بۆیە لەلای ئەم ڕەوتانە خاوەنانی ئەمجۆرە بیروباوەڕانە بێباوەڕن (الخياط,١٩٩٣: ٦٧-٦٨؛ إبن حزم,١٩٩٦: ٣/٧-٩)، لەم تێڕوانینەوە لێکدانەوە و ڕاڤەیان بۆ ئایەتەکان کردووە، لەوانە بۆ ئایەتی (٢٢-٢٣)ی سورەتی قیامە(١) و (١٤٣) ی سورەتی ئەعراف(٢)، موعتەزیلەکان لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتانە، مەبەست لێی بینینی خودا نییە، بەڵکو ڕوانینی چاوەڕوانییە نەك ڕوانینی چاوان، چاوانێك چاوەڕوانی نیعمەتی خودا دەکەن، نەك بینینی (عبدالجبار،١٩٩٦: ٢٤٢-٢٤٤؛ الأشعري,١٩٤٨: ١١؛إبن حزم, ١٩٩٦: ٣/٩).

شیعەکانیش هەمان هەڵوێستی موعتەزیلەکانیان هەیە، لەسەر ئەم پرسە هاوڕان، پێیانوایە خودا لە دونیاو ڕۆژی دواییدا نابینرێت، (السبحاني,١٣٨٨: ٢/١٢٥)، نمونەش بە وتەیەکی عەلی کوڕی ئەبو تالیب دێننەوە، پرسیاریان لێکردووە دەربارەی بینینی خودا، وتویەتی: چاوەکان بە سەیرکردنی دیدەنی هەستی پێ ناکەن، بەڵکو دڵەکان بە ڕاستییەکانی باوەڕ هەستی پێ دەکەن (الكليني,٢٠٠٧: ١/٥٧).

بەپێچەوانەی ئەم ڕەوتانەی سەرەوە، موسڵمانان نکۆڵیان لەم وتانە دەکرد، وەك داهێنانی شتی نوێ سەیریان دەکرد، ئەمجۆرە گروپانەیان بە سەرلێشێواو دەزانی، خەڵکییان لێ ئاگادار دەکردەوە و سەرکۆنەی ئەوانەیان دەکرد، لە کۆڕییان ئامادە دەبوون و لایەنگرییان دەکردن (جاروڵلا،٢٠١٩: ١٠٨). ئەمانە زیاتر ئەهلی سوننە بوون، سیفاتەکانی خودا دەچەسپێنن بە بێ لێکدانەوەو ڕاڤەکردن (علال،٢٠١٥: ١٧) و نکۆڵی لێ ناکەن، پێیانوایە خودا سیفاتێکی کۆنی ئەزەلی هەیە وەك زانست، توانا، ژیان، ویست، بیستن، بینین، کەلام، شکۆ، گەورەیی و مەزنی (أبو الحنیفة,١٣٢١: ٦٥). ئەگەرچی لەنێو ئەوانیشدا ململانێ هەبووە، بەڵام زیاتر لە سەردەمانی درەنگتر دەردەکەوێ، کەمتر لە قۆناغی توێژینەوەکەی ئێمەدا بەرچاو بووە. بێگومان بە پاڵپشتی چەندین ئایەت، سیفەتەکانی خوای گەورە دەسەلمێنن وەك: خوای گەورە فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (سورة البقرة: الآية/ ١٨١)، هەروەها فەرمویەتی:( إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (سورة الإسراء: الآية/١)، سوننەکان پێیانوایە خەڵکی بەهەشت خودا دەبینن، بەڵام نەك بەو هێزەی لە چاواندایە، بەڵکو بەهێزی بینینێکی دی خودا لەو کاتەدا بە بەندەکانی دەبەخشێت (إبن حزم,١٩٩٦: ٣/٧)، ئەمەش لەسەر بنەمای ئایەتەکانی قورئان وەك ئایەتی (٢٢-٢٣)ی سورەتی قیامە و (١٤٣) ی سورەتی ئەعراف، هەروەها ئایەتی دیکەی وەك خوای گەورە فەرموویەتی: (كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ) (سورة المطففين: الآية/١٥)، هەموو ئەم ئایەتانە بەڵگەی بینینی خودا دەسەلمێنن، واتا باوەڕداران بە پێی بەڵێنی خودا دەتوانن ئەو ببینن، سەرئەنجام مەزهەبی سوننە پێیوایە گومانی تێدا نییە لە ڕۆژی دوایی خودا دەبینرێت.

لەنێو ڕەوتی مورجیئەش هەڵوێستی جیاوازییان هەبوو بە نکۆڵی لێکردن و نەکردن لە سیفاتەکانی خودا. واتا بیربۆچوونی جیاوازییان هەبووە، بەشێکیان نکۆڵییان لە سیفاتەکانی خودا کردووە، بەشەکەی دیکە سیفاتەکانی خودایان چەسپاندووە و ڕەتیان نەکردۆتەوە. هەروەها بۆچوونی جیاوازیشیان لە بارەی بینینی خودا هەبوو هاوڕانەبوون، بەشێکیان نکۆڵییان لە بینینی خودا دەکرد، هاوشێوەی ڕەوتی موعتەزیلە، بەڵام بەشەکە دیکە پێیانوابوو، خودا بە چاو لە ڕۆژی دواییدا دەبینرێت (الأشعري,١٩٥٠: ١/٢١٤-٢١٥). ئەم بۆچوون و باوەڕە جیاوازانەیە وایکردووە، هەموو ئەمانە بۆ چەندین ڕەوت و مەزهەب و لقی دیکە دابەش بن و تەنانەت لەنێو یەك ڕەوت و مەزهەبیشدا دژایەتی یەکتر بکەن، تەنها زۆربەیان لەسەر بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی مەزهەبەکە هاوڕا ماونەتەوە، ئەگەرنا لەسەر زۆرێك لە باوەڕەکان دژ و جیاواز بوون و ململانێیی یەکتریان کردووە.

## ٤. ئەنجامەکان

- کۆمەڵێك پرسی جیاواز ڕۆڵیان هەبوو، لە دەرکەوتنی ڕەوت و ململانێ مەزهەبییەکان، لەسەرەتادا ڕوداوە سیاسییە چاوەڕواننەکراوەکان، کوشتاری گەورەی لەنێو موسڵمانان لێکەوتەوە، بەتایبەت لەسەر پرسی پێشەوایی لەسەرەکیترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕەوت و ڕێبازەکانی ئیسلامە، بەتوندی کاریان لەسەر دەکرد و هەوڵیان بۆ دەدا، هەریەکەیان بە جۆرێك بە شایستەی خۆیانیان دەزانی و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرد.
- پرسە جیاوازەکانی بیروباوەڕ و قوڵبوونەوە تیایدا و بیرکردنەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕەوتە جیاوازەکانەوە لەو بارەیەوە، ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە ململانێ کردنی یەکتر لەسەر پرسەکان و پاڵپشتی کردنی هزر و بیروباوەڕەکانی خۆیان و لێدان و بەرپەرچدانەوەی نەیارەکانیان، تا گەیشتە تۆمەتبارکردنیان بە بێباوەڕو هاوبەشی دانان بۆ خودا، تەنانەت لەنێو خودی لقەکانی یەك ڕەوتیشدا.
- خوێندنەوەو تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەقی ئایەتەکان و کرانەوەیان بە ڕوی بیرو هزر و شارستانیەتە جیاوازەکانی دەوروبەر، تێکەڵ بوون لەگەڵ داب و نەریت و کەلتوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، شارستانیەتێکی لە مێژینەیان هەیە، ڕەنگدانەوەی لەسەر سەختکردنی ململانێیەکان هەبوو.
- زۆرێك لە بزوتنەوە جیاوازەکان بە پاڵپشتی ڕەوتەکان دژی دەسەڵاتی سەردەم ڕاپەڕیوون و هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەدا، بەڵام بە توندی سەرکوتکراون، هەروەها ئەم بزوتنەوانە نەیانتوانیووە یەك دەنگ و هاوڕابن دژی دەسەڵات، بەهۆی بەهێزی دەمارگیری مەزهەبییانەوە، تەنانەت لە نێو خودی لقەکانی یەك ڕەوتیشدا.
- دەسەڵات ڕۆڵی گرنگی لە قوڵکردنەوەی ململانێ مەزهەبییەکان بینی، بەهۆی پاڵپشتی کردنی هەرجارەو ڕەوتێك لە قۆناغە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا، ئەمە دەبووە دەرفەتێك بۆ ڕەوتی پاڵپشتی کراو لە چەوساندنەوەی پەیڕەوکارانی ڕەوتەکانی دیکەدا و زیاتر چەسپاندنی پێگەی خۆی.

## لیستی سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

جارۆڵلا، زوهدی.(٢٠١٩)، موعتەزیلە، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنوس، وەرگێڕ: مەدی عەبدوڵلا و وریا جەوهەر.

عەزیز، حەمید.(٢٠١٣)، فەلسەفەی زانستی کەلام، هەولێر: چاپخانەی موکریانی

لطیف، علی طاهر.(٢٠١٧)، جەدەلی نێوان موعتەزیلە و حەنبەلیەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

ئەبو سعود، سەلاح.(٢٠١٩)، موعتەزیلە، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، وەرگێڕ: شاهۆ عمر عارف.

ئەمین، بورهان موحومەد.(٢٠٠٤)، تەفسیری ئاسان، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر.

إبن إباض, عبدالله بن إباض التميمي.(٢٠١٨), سيرة عبدالله بن إباض إلى عبدالملك بن مروان, ليدن: بريل, محرر: عبدالرحمن السلامي.

إبن أبي الحديد, عزالدين أبي حامد عبدالحميد.(٢٠٠٧), شرح نهج البلاغة, بغداد: دار الكتاب العربي, تحقيق: محمد إبراهيم.

إبن أبي الدنيا, أبي بكر عبدالله بن محمد بن عبيد بن سفيان.(٢٠٠١), مقتل أمير المؤمنين علي بن أبي طالب, دمشق: دار البشائر, تحقيق: إبراهيم صالح.

إبن الأثير, أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد.(١٩٨٧), الكامل في التاريخ, بيروت: دار الكتب العلمية, تحقيق: أبي الفداء عبدالله القاضي.

إبن الطقطقي, محمد بن علي بن طباطبا.(١٩٦٦), الفخري في الأداب السلطانية والدول الإسلامية, بيروت: دار صادر.

إبن المرتضى, أحمد بن يحيى.(١٣١٦), المنية والأمل, هيند: دائرة المعارف النظامية, تصحيح: توما أرنلد.

إبن حجر، شهاب الدين أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد.(١٩٩٥), الأصابة في تمييز الصحابة, بيروت: دار الكتب العلمية, تحقيق: عادل أحمد عبدالموجود و علي محمد معوض.

إبن حزم الأندلسي، أبى محمد على بن أحمد. (١٩٦٢), جمهرة أنساب العرب, القاهرة: دار المعارف, تحقيق: عبدالسلام محمد هارون.

إبن حزم الأندلسي، أبى محمد على بن أحمد.(١٩٩٦)، الفصل فى الملل و الأهواء والنحل، بيروت: دار الجيل، تحقيق: محمد إبراهيم نصر و عبدالرحمن عميرة.

إبن حنبل، أحمد بن حنبل.(د.ت)، شرح الأصول السنة, دون مكان ومطبعة, تحقيق: أبي عبدالرحمن زين العابدين بن الحسين.

إبن خياط, أبو عمرو خليفة بن خياط العصفوري.(١٩٨٥), تاريخ خليفة بن خياط, الرياض: دار طيبة, تحقيق: أكرم ضياء العمري.

إبن سعد, محمد بن سعد بن منيع.(٢٠٠١), كتاب الطبقات الكبير, القاهرة: مكتبة الخانجي, تحقيق: علي محمد عمر.

إبن شبة, عمر بن شبة النميري.(٢٠١٤), كتاب أخبار البصرة, البصرة: مركز تراث البصرة, تحقيق: سلمي عبدالحميد حسين.

إبن قتيبة, أبي محمد عبدالله بن مسلم.(١٩٦٩), المعارف, القاهرة: دار المعارف, تحقيق: ثروت عكاشة.

إبن قتيبة, أبي محمد عبدالله بن مسلم.(١٩٩٠), الإمامة والسياسة, بيروت: دار الأضواء, تحقيق: علي شيري.

إبن كثير, عمادالدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر.(١٩٩٨), البداية والنهاية, مصر: دار هجر, تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي.

إبن نباتة, محمد بن محمد بن الحسن جمال الدين الفارقي المصري.(د.ت), سرح العيون في شرح رسالة إبن زيدون, دون مكان: دار الفكر العربي, تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم.

أبي الحنيفة, النعمان بن ثابت.(١٣٢١), شرح الفقه الأكبر, الهند: دائرة المعارف النظامية, تحقيق: عبدالله بن إبراهيم الأنصاري.

أبي مخنف، لوط بن يحيى الأزدي.(١٣٦٧), وقعة الطف, قم: مؤسسة النشر الإسلامي, تحقيق: محمد هادي اليوسفي.

الإربلي, أبي الحسن علي بن عيسى بن أبي الفتح.(٢٠١٢), كشف الغمة في المعرفة الأئمة, بيروت: دار التعارف, تحقيق: علي آل كوثر.

الأشعري, أبي الحسن علي بن إسماعيل. (١٩٤٨)، كتاب الإبانة, حيدر أباد: مطبعة جمعية دائرة المعارف العثمانية.

الأشعري, أبي الحسن علي بن إسماعيل.(١٩٥٠), مقالات الإسلاميين وإختلاف المصلين, القاهرة: مكتبة النهضة المصرية, تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد.

الأصفهاني, أبو الفرج علي بن الحسين بن محمد بن أحمد بن الهيثم.(١٩٦٥), مقاتل الطالبيين, قم: مؤسسة دار الكتاب, تحقيق: كاظم المظفر.

الألباني, محمد ناصرالدين.(٢٠٠٤), سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة, الرياض: مكتبة المعارف.

أمين، أحمد.(١٩٢٨)، فجر الإسلام، مصر: مطبعة الإعتماد.

البخاري, أبي عبدالله محمد بن إسماعيل.(٢٠٠٢), صحيح البخاري, دمشق: دار إبن كثير.

البغدادي, عبدالقهار بن طاهر بن محمد.(٢٠٠٥), الفرق بين الفرق, بيروت: دار الكتب العلمية.

البكاي, لطيفة.(٢٠٠٧), حركة الخوارج نشأتها وتطورها إلى نهاية العهد الأموي خلال (٣٧-١٣٢هـ), بيروت: دار الطليعة.

البلاذري, أحمد بن يحيى بن جابر.(١٩٩٦), أنساب الأشراف, بيروت: دار الفكر, تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلي.

تسافرير، نوريت.(٢٠١٧)، تاريخ مدرسة فقهية – الإنتشار المبكر المذهبي الحنفي, بيروت: المؤسسة العربية, ترجمة: محمد خالد دراج و محمود محمد المراغي.

التفتازاني, أبو الوفا الغنيمي.(د.ت), علم الكلام وبعض مشكلاته, القاهرة: دار الثقافة.

الجبوري, حمدية صالح.(٢٠١٢), أئمة أهل البيت والخلافة العباسية (٢٠٣-٢٦٠هـ /٨١٨-٨٧٣م), دمشق: تموز.

الخطيب البغدادي, أبي بكر أحمد بن علي بن ثابت.(٢٠٠١), تاريخ مدينة السلام, بيروت: دار الغرب الإسلامي, تحقيق: بشار عواد معروف.

الدجيلي, أحمد.(١٣٧٤), المختار الثقفي, النجف: مطبعة النجف.

الدينوري, أبي حنيفة أحمد بن داود.(١٩٥٩), الأخبار الطوال, دون مطبعة ومكان طبع, تحقيق: عبدالمنعم عامر.

الذهبي, أبي عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان.(١٩٨٣)، سير أعلام النبلاء، بيروت: مؤسسة الرسالة, تحقيق: شعيب الأرنؤوط و إبراهيم الذبيق.

الذهبي, أبي عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان.(د.ت), ميزان الإعتدال في نقد الرجال, بيروت: دار المعرفة, تحقيق: علي محمد البجاوي.

الربيع، أبو عمرو الربيع بن حبيب العماني.(٢٠٠٣), كتاب الترتيب في صحيح من حديث رسول (ص), عمان: مسقط, جمع وترتيب: أبي يعقوب يوسف بن إبراهيم الورجلاني.

الزركلي, خير الدين.(٢٠٠٢), الإعلام, بيروت: دار العلم الملايين.

السبحاني, جعفر بن محمد التبريزي.(١٣٨٨), الإلهيات, قم: مؤسسة الإمام الصادق.

الشهرستاني, أبي الفتح محمد بن عبدالكريم بن أبي بكر أحمد.(١٩٩٣), الملل والنحل, بيروت: دار المعرفة, تحقيق: أمير علي مهنا و علي حسن فاعور.

الصدوق، أبي جعفر محمد بن علي الحسين.(١٣٨٩)، الاعتقادات, قم: مؤسسة الإمام الهادي.

الصدوق، أبي جعفر محمد بن علي الحسين.(د.ت), التوحيد, بيروت: دار المعرفة, تحقيق: السيد هاشم الحسيني الطهراني.

الطبري, أبي جعفر محمد بن جرير.(١٩٦٩, ١٩٧١), تاريخ الرسل والملوك, مصر: دار المعارف, تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم.

عبدالجبار, أبي الحسن قاضي عبدالجبار بن احمد.(١٩٩٦), شرح الأصول الخمسة, القاهرة: مكتبة وهبة, تحقيق: عبدالكريم عثمان.

عبدالجبار, أبي الحسن قاضي عبدالجبار بن احمد.(د.ت)، المغني في أبواب التوحيد والعدل, دون مكان ومطبعة, تحقيق: توفيق الطويل و سعيد زايد.

علال، خالد كبير.(٢٠١٥)، التعصب المذهبي في التاريخ الإسلامي, القاهرة: رؤية للنشر والتوزيع.

فلهوزن، يوليوس.(١٩٦٨)، تاريخ الدولة العربية في ظهور الإسلام إلى نهاية الدولة الأموية, القاهرة: د.م, ترجمة: محمد عبدالهادي أبو ريدة.

الكليني, محمد بن يعقوب.(٢٠٠٧), أصول الكافي, بيروت: منشورات الفجر.

اللالكائي, هبة الله بن الحسن بن منصور.(٢٠٠٥), شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة, القاهرة: المكتبة الإسلامية, تحقيق: أبو يعقوب نشأت بن كمال المصري.

المفيد, محمد بن محمد بن النعمان.(١٩٦٢), الأرشاد, النجف: المكتبة الحيدرية.

المقريزي, تقى الدين أبي العباس أحمد بن علي بن عبدالقادر.(١٩٩٨), كتاب المواعظ والإعتبار بذكر الخطط و الأثار, بيروت: دار الكتب العلمية.

المنقري، نصر بن مزاحم.(١٣٨٢)، وقعة صفين, القاهرة: المؤسسة العربية الحديثة, تحقيق: عبدالسلام محمد هارون.

النوبختي, أبي محمد الحسن بن موسى.(١٩٣١), فرق الشيعة, أستانبول: مطبعة الدولة.

ولي, عبدالعزيز محمد نور.(د.ت), أثر التشيع على الروايات التاريخية في القرن الأولى الهجرية, دون مطبعة ومكان طبع.

ياقوت الحموي, شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله.(١٩٧٧), معجم البلدان, بيروت: دار صادر.

اليعقوبي, أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب بن واضح.(٢٠١٠), تاريخ اليعقوبي, بيروت: الأعلمي للمطبوعات, تحقيق: عبدالأمير مهنا.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp118-131